فایلی

# فێستیڤاڵی یەکەم

## فێستیڤاڵی یەکەم


*** شانۆکانی هەولێر  لە فێستڤاڵی کولتوره جیاوازەکان**

نیهاد جامی

*** دایکە ئازاکەی برێخت**

حەمەسوار عەزیز

*** فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، بەبێ بەشداریکردنی تیپەکانی هەولێر کۆتایی بە کارەکانی هێنا**

خەلیل یابە کەریم

*** چۆن فێستیڤاڵی شانۆیی ساز بکەین؟**

کامەران سوبحان

*** نامەیەک بۆ یەکەمین فێستڤالی نێودەوڵەتی شانۆی هەولێر**

گۆران عەلی کەریم






# شانۆکانی هەولێر
# لە فێستڤاڵی کولتورە جیاوازەکان

نیهاد جامی

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر ڕۆژانی 18-2011/9/24 فێستڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆی سازکرد، کە تیایدا شانۆی کۆمەڵە وڵاتێکی گرتبووە خۆی ئەوانیش "کوردستان، ئیتاڵیا، سوید، ئەڵمانیا، سویسرا، عیراق، ژاپۆن، یۆنان، ئێران، پۆڵۆنیا" دیدارێکی شانۆیی لەو شێوەیە کە بۆ یەکەمجارە لەمێژووی ئێمەدا فێستڤاڵێکی شانۆیی نێودەوڵەتی بەخۆوە ببینین، هی ئەوەیە لەسەری هەڵوەستە بکرێت و لەسەر نمایشەکانیش بوەستین. هەر کلتوورێک لەرێگەی بونیادە پێکهاتووەکانی شانۆکەی خۆیدا گوزارشت لە گوتارە شانۆییەکەی دەکات، ئەوەش وای کرد ناوە دیارەکانی ڕووبەری نووسین و کتێب بەتێگەیشتنی ناو کولتوورەکەی خۆیەوە ببینین، بەواتای شانۆی کولتوورە جیاوازەکان ڕووبەری تێکستی تێپەڕاندو وەک گوتاری نمایش بۆمان خرایە ڕوو، بۆیە جۆرێک لەبەریەکەوتن لەنێوان دیدگای نمایشەکان و تێگەیشتنی ئێمە بۆ شێوازە شانۆییەکان خۆی دەخستە ڕوو، ئەوەیان سەربارەت بە لایەنە هونەرییەکەی.

لە لایەنە کولتوورییەکەی بۆ یەکەمجارە لە بزووتنەوەی شانۆیی ئێمەدا کە شانۆی کولتوورە جیاوازەکان لە شارێکی کوردی کۆبکرێتەوە، بۆیە شارێکی وەکو هەولێر لە ڕێگەی ئەم فێستڤاڵەوە بەرەو شارێکی شانۆیی هە نگاوینا، بەتایبەت یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی چارەگە سەدەی دوایی کە قسەی لێوە دەکرێت، ئامادە نەبوونی بینەرە، بەڵام ئەم شارە توانی ئەوە بخاتەڕوو کە شارێکە شایستەی ئامادەبوونە کولتوورییەکەی شانۆیە، ئەوەش کاریگەرییەکی پتەوی هەیە لەسەر ڕەوایەتیدان بەم فێستیڤاڵە وەک نەریتێکی ساڵانە کە ببێتە یەکێک لە خەسڵەتە کولتوورییەکان بۆ ئەوەی ئەو شارەی پێ بناسرێتەوە.

ئەم فێستڤاڵە لەڕووی فەزای گشتیەوە جۆرێک لە دیدێکی بیرکەرەوەی تیایە کە دەشێت دەرگا بۆ هەوڵیتر بۆ ساڵانی داهاتوو بکاتەوە، بوونی چاپەمەنییەکان بەتایبەت چاپکردنی کتێب بۆ دەقی شانۆیی و ڕەخنەو بە ئەرشیفکردنی هەوڵەکان گوزارشت لە هۆشیارییەکی پتەو دەکات کە پەیوەستە بە مەعریفەو ئاگایی ئێمە بەوەی خەونی شانۆییمان خەونێک نییە پەیوەست بێت بە زەمەنی نمایشەوە بەقەد ئەوەی خەونێکی خاوەن پرۆژەیە، لەهەردوو ئاستی تیۆریی و پراکتیکیدا.

ئەوەی مەبەستی سەرەکیشە جیاوازی جۆری نمایشەکانە، کە دیدگاو تێڕوانینی جیاوازی خستۆتە ڕوو، بەهۆی ئەوەی ئێمە وەک شانۆکاری کورد ویستوومانە کاری ئەوان شێوەیەک بێت لە دەرەوەی توانای ئێمە بۆیە ئەو کارانە بۆ بەشێکمان وەک جۆرێک لە نائومێدی شانۆیی سەیر کراوە، هەر ئەوەش هۆکاری پشت ئەو نووسینەیە، بۆیە هەوڵ دەدەین لەسەر چەند چەمکێکی گشتی نمایشەکان بوەستین.

شانۆی سالار پرۆژەیەکی تەواو بوو

ئێمە لە ڕابردوودا ئاماژەمان بەوە کردووە کە شانۆی سالار پرۆژەیەکی ناتەواوە، مەبەستمان لە ناتەواوی ئەو چەمکە بوو کە هێشتا ئەو



پرۆژەیە تەواو نەبووە، بەدوای میکانیزم وپرۆژەی پشکنینی زمان و گوتارە شانۆییەکەیەتی، بەتایبەت بەدوای نمایشی "ئەوانەی توونی بابا چوون" ئەو تێگەیشتنەی ئێمە زیاتر ڕەوایەتی وەرگرتبوو، بەڵام ئەوەی لە دوا نمایشی شانۆی سالاردا دەیبینین بەناوی "چیرۆکە بەردەوامەکە" گومانی ناتەواوی ئەو پرۆژەیەمان لا دەخولقێنێ و دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی پرۆژەکە گەیشتۆتە تەواو بوون وکامل بوونی، هەموو هەنگاوەکانی لەو نمایشەوە وەک جۆرێک لە شانۆیەکی سوونەتی دەیبینین، ناتوانین چیتر شانۆکارێکی وەک ئەحمەد سالار بە خاوەنی پرۆژەی پشکنین ببینین ئەگەر بێت و بەدوای خاسیەت و زمانی جیاوازی شانۆکەی نەڕوات.

ئەوەش ئەو چەمکەی ئێمە لە بۆدریار وەرمانگرتبوو کاتی خۆی نووسیبوومان "با ئەحمەد سالار لەیاد بکەین" کە بەداخەوە ئەوسا مامۆستا سالار ئەو وتەیەی ئێمەی لا ڕوون نەبوو، بۆیە لەدیدارێکدا وای ڕاڤەکردبوو کە مەبەستی ئێمە مردن وەک مانایەکی فیزیکییە، لەکاتێکدا ئەوسا ئێستاش لەیادکردن مەبەستمان سڕینەوەی هەوڵ و تەقەڵاکانی ئەو داهێنەرە شانۆییەمان نییە، هێندەی لەیادکردن وەک جۆرێک لەپرۆسەی گەڕانی سەر لەنوێ و پشکنینی کەشف نەکراوە، بەتایبەت بەدوای ئەو نمایشە ئیتر دەبێ ئەو شانۆیە لەیادبکەین وەک هەوڵێکی ئەزموونکاریانە.

دیارە سالار هەوڵیداوە لەڕێگەی بووکەشووشەوە زمانێکی تر بە کارەکتەر ببەخشێت، بەڵام ئەو زمانە خاسیەتی بووکە شووشەیی بە ئەکتەر دەبەخشێت، سەرباری ئەوەی لەڕووی تێکست و دەرهێنانەوە گەڕانەوەیەکە بۆ ناو ئەزموونەکانی قۆناغی یەکەمی کە پێشتر ئەو قۆناغەمان بە "گوتاری مانەوە" ناو بردووە، بۆیە دەبینین شێوازی وانە وتنەوەکە گەڕانەوەیە بۆ هەمان تەکنیکی تێکستی "نالی و خەونێکی ئەرخەوانی" وەک چۆن بووکە شووشەکان وەک ئاماژەیەکی کولتووری ناو ئەم نمایشە گەڕانەوەی موفرەدەی دەرهێنانی "کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ"یە کە لەوێ لەشێوەی گۆچان خراوەتە ڕوو، ئەوانەش هەموویان ئەوە دەخەنە ڕوو ئەو ئەزموونە شانۆییە لەڕووی تێکست و دەرهێنان و نواندنەوە دەبنەوە جۆرە نەریتێکی شانۆیی کە توانای تێپەڕاندنیان لە دەست داوە، بگرە ئەکتەر لەژێر حوکمی لۆژیکی بووکە شووشەکانەوە ڕەفتار دەکات.
ئەگەر ئەو شانۆیە لەژێر دەسەڵاتی تێکستەوە توانای ئەکتەر دەست نیشان بکات، بەڵام ئەمجارەیان ئەوەی ئەکتەر کۆنترۆڵ دەکات و نایەڵێت بجووڵێت ئەوە بووکەشووشەکانن، بووکەشووشەکان شانۆیەکی مردوو نمایش دەکەن، مردوو بەمانای وەستانی زەمەنی نمایش.

گەڕیدەیەکی جەنگ لەدۆخێکی خراپدا

لەڕووبەڕێکی بەرتەسکی شانۆی بەڕێوبەرایەتی شانۆ، ئەکتەری ئیتاڵی لیگینۆ ماردیگان لەو ڕووبەرە بەرتەسکە دەیویست سەفەرێکی تراژیدی ئامێزی ناو دۆسیەو ئەرشیفەکانی جەنگمان پێ نیشان بدات، تەمەنی ئەو وەک ئەکتەر سیمای ماندوویەتی جەنگی لەسەر ڕووخساری ئەو جێ هێشتبوو، ئەو کەشە ماندوویەتیە لەسەر ڕووبەری نمایشەکەش ڕەنگی دابۆوە، بەرتەسکی هۆڵەکەو ئامادەبوونی ئێمە وەکو بینەر وای کردبوو ئەکتەرەکە لەڕێزی ئێمەوە تێبپەڕێت و بچێتە سەر شانۆکە، هەوڵی دەدا زیاتر گوزارشت لەو وشانە بکات کە دەیانخاتە ڕوو بۆ ئەوەی ماناکانی ئاسانتر بگەن بە ئێمە، نمایشەکە متمانەیەکی زۆری لەسەر گێڕانەوە بوو ئەوەش وای دەکرد جۆرە وەرسییەک بخولقێنێت، هەر چۆنێک بێت سەرەنجام نمایشێکی ئیتاڵیمان بە ئیتاڵی بینی چ وەکو زمان یا وەک تێکست کە نووسەرێکی ئیتاڵی بوو (جیان دۆمێنتیلۆ) و دەرهێنەرێکی ئیتاڵی (ڕۆبەرتۆ کۆپۆنی).

خاتوو ژولیا، سترێندبێری وەک دیدێکی ناتەبا

لە شانۆگەری (خاتوو ژولیا)

دەبینین ژولیاو یان دوو کارەکتەری سەر بە دووچینی جیاوازن، دەتوانن لەڕێگەی گەمەی ژیان پێداویستییەکانی یەکتری دابین بکەن، تا لەڕێگای یەکتریەوە لە ماڵ ڕزگاریان بێت، تەنانەت سەماکردنی خاتوو ژولیا لەگەڵ یان هەوڵێکیترە بۆ سڕینەوەی ئەو چینایەتیە، ئەوەش پەیوەست نییە بەو ئاگاییە کۆمەڵایەتییەی ئەو کارەکتەرە بەقەد ئەوەی تێگەیشتنیەتی لەبێ مانایی پەیوەندییە ساختەکانی ماڵ، خۆ ئەگەر یان لە تۆمەتی کۆمەڵگا بترسێ بەوەی قسەیان بۆ هەڵبەسترێ، بەڵام خاتوو ژولیا بەمافێکی سروشتی ماڵەکەی دەزانێ کە لەگەڵ کێ ویستی و لەگەڵ کام خزمەتکار ویستی سەما بکات، خاتوو ژولیا لەو سیستمە ئەخلاقیەی ماڵ گەیشتووە، بۆیە دەیەوێ بەرەو ڕووی سیستمەکە یاخی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ ئەو یاخی بوونە بیکات بە قوربانی، بەڵکو تەنیا گەمەی ناو سیستمەکە کۆنترۆڵ دەکات، بەڵام یان بەهەمان شێوە دەیەوێ گەمەی خۆی بکات بێ ئەوەی ببێت بە قوربانی، ئەو سەرباری ئەوەی خزمەتکارە، بەڵام ڕازی نییە ببێتە گەمەی دەستی خاتوو ژولیا، بەڵکو دەیەوێ وەک ئەو ڕووبەرێکی تایبەت بۆ خۆی لە گەمەکە تەرخان بکات، بۆیە خۆی بە عاشقی ناو دەبات، عەشقێک کە هەمان هەستی کارەکتەرەکەی هەزارویەک شەوە بەخۆی دەبەخشێت.

یان دەیەوێ لەژێر ناوی خۆشەویستی خاتوو ژولیا لەماڵ دەرباز بکات بەهۆی دزینی پارە لە ماڵ، بۆیە خەونەکەی لە کۆتاییدا بۆ بوونە ئەو پایە کۆمەڵایەتییە کە خاتوو ژولیا هەیەتی، لەکاتێکدا خاتوون کێشەی خۆشەویستی هەیە، بەڵام یان ئامادە نییە ئەوەی پێ ببەخشێت، چونکە گەمەکەی لەژێر ئەو ناوە ئەنجام ئەدات، بەوەی تا لە ماڵ نەچنە دەرەوە ناتوانێ ئەو خۆشەویستییەی پێ ببەخشێت، یان هەست دەکات ئەوەی هەیە خۆشەویستی نییە، بەڵکو ڕزگاربوونە لەماڵ، پێشی وایە خاتوو ژولیاش وەک ئەو وایە، بۆیە پێی دەڵێت "خۆتم لێ مەکە بە فریشتە، ئێستە هەردووکمان لەخراپیا وەک یەک واین"

$$$دەرهێنەری سویدی (بیۆرن مێلەندەر) بەپێچەوانەی ئەو دیدەی ئێمە هەمانە بۆ سترێندبێری لە فەزایەکی بەتاڵ ودیمەنی ماڵێکی سادەدا بەرجەستەی سادەیی خاتوو ژولیا دەکات لە پۆشینی جل وبەرگ و هەروەها لەریتمێکی سارد کە کێشەی سەرەکی ناو تێکستەکانی نووسەرە کە ماڵ هەمیشە ساردە، ئەو ساردیە بۆ پەیوەندیەکانی ماڵ دەگەڕێنێتەوە، هەرچەندە لەم نمایشەدا ساردبوونی ماڵ پەیوەست نیە بەخێزانەوە بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە بێ ئومێدی خودی مرۆییمانەوە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە کارەکتەری کریستین وونەو لەشوێنیدا ئەکتەرێکی پیاو دەبینین، بەواتای پەیوەندیی نێوان کریستین و یان بوونی نەماوە، ئەوەی هەیە لەشوێنی کریستین چێشتلێنەرێکی پیاو دەردەکەوێت کە لەکاتی دیمەنەکانی یان و ژولیا یا لەساتەوەختی بێدەنگی



ئۆرکۆدیۆن دەژەنێت، ئەوەش توانیویەتی ببێتە بەشێک لەمۆسیقای ناو نمایشەکە، لە نمایشەکەدا هەر لەسەرەتاوە دەرهێنەر سەرنجمان بۆ ئەو خاڵە ڕادەکێشێت کە لنێوان چێشتلێنەرەکەو یان جۆرێک لەپەیوەندیەکی هاوڕەگەزی هەیە ولەدانیشتنمان لەگەڵ ستاڤی نمایشەکەش ئەوانیش جەختیان لەو لایەنە کردەوە، ئەم نمایشە دیدێکی ساکاری بە سترێندبێری بەخشی بوو دیدگایەک کە لەدەرەوەی ئەو سادە بوونەوە دەیویست وەک کێشەی هاوڕەگەزێتی بابەتێکی ترمان پێ نیشان بدات، بابەتێک کە لەلای مرۆڤی خۆرئاوایی کێشەیەکی گرنگ و ئەخلاقیەو لەلای ئێمەش کێشەیەکی داپۆشراوو حەرامێکی کۆمەڵایەتیە، ئەوەش وای کردبوو خاتوو ژولیا وەک نمایش لەڕووی بابەتەوە بە ئێمە نامۆ بێت وەک چۆن وەک نمایشیش دەمانویست ڕەهەندی قوڵتر لە سترێندبێری ببینین.

### پاکژبوونەوە لەپرۆسەی ئێستابوونی بەهای ئاو

ژنە ئەکتەرودەرهێنەری سویسری (لیزا زایدل) ئاو وەک بونیادێکی پاکژبوونەوە دەکاتە خاڵە بەریەکەوتنی کولتورەکان، ئەوەش لەڕێگەی پرۆسەی ئێستابوون لە نمایشدا، کە زەمەنی نمایش زەمەنی ئامادەبوونی ئێمەیە لە شوێندا، ئێمە گوێبیستی ڕادیۆیەک ئەبین کە بێژەرەکەی کوردە ئەوەی ئەشیبینین لەناوەڕاستی قوڵایی شانۆکەدا ئاوە لەڕێگەی شاشە بچووکەکەی بەرچاو دەکەوێت، کورسیەکی بازنەیی خڕ ئەکتەرەکە دەسووڕێنێتەوە.

سوڕانەوەیەک لە خولخواردنەوەی گۆی زەوی دەچێت، گۆی زەوی و ئاو وەک دوو بونیاد ئاوێتەی یەکتر دەبن، ئەوەش دەلالەتی پاکژبوونەوەی مرۆڤە لەدنیادا، هەستی گوناهباری جەستەیە، پرسیاری ئەخلاقی ئەو ژنە

پرسیاری ئینتیماکردنی ڕووخسار بوو لەناو حەوزی ئاوەکەدا، کە لەگەڵ ئەوەی ڕووخساری دەبردە ناو ئاوەکە تەواوی جەستەی بەجولە دەکەوت، ئەوە بەهای ئاو بوو جەستەی لەپیسی ناخ پاکژ دەکردەوە، حەوزەکە وشاشەی دواوە دوو ماتریالی سەرەکی بوون بۆ پاکژ بوونەوەی ئینسان کە لەناو ئاودا یەکیان دەگرتەوە، ئەگەرچی گرفتێکی هونەری دەخولقاند بەوەی جولەی وێنەکێشراوی جەستە لەساتی پاکژبوونەوە خۆی دووبارە دەکردەوە، ئەو دووبارەکردنەوەیە وەک خەوشێکی کردەی دەرهێنان دەردەکەوت، هەرچەندە تەکنیکی بەرزی نواندن ودیدی دەرهێنانی وای کردبوو هەست بە بەهای ئاو بکەین لە زەمەنێکدا تیایدا ئەوی ئەکتەرو ئێمەی بینەر لەساتەوەختی نمایشدا بەیەکەوە بەشدار بین لەپرۆسەکەدا.

### لەفەوزای شەقامەوە بۆ شانۆیەکی ئەنارشیستی

لەڕووبەری هەیوانی دەرەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شەودا شانۆکارانی عیراقی شانۆیی "دیموکراسیەت نەخۆشیەکی ڕۆژهەڵاتیە" سینۆگرافیاو دەرهێنانی هەیسەم عەبدولرەزاق، مەفرەدەکانی ئەم نمایشە بریتی بوو لە کۆمەڵە کورسیەک ئەکتەرەکان باسیان لە ململانێی ئەمرۆی شەقامی عێراقی وکێشەی دەسەڵات دەکرد، نمایشەکە بەڕادەیەک سادە بوو هیچ بنەمایەکی ئەوتۆی دەرهێنانی تیا نەبوو، ئەوەی جێگای سەرسوورمان بوو هەمان فەوزای شەقامی وەک وێنەیەکی فۆتۆکۆپی گواستبۆوە بۆ ڕووبەری نمایش، لەناو ئیشکالیەتی ناو نانیش دەربازی نەبوو بەوەی دەرهێنان لەپاڵ زاراوەی دەرهێنان زاراوەی سینۆگرافیاش دەخاتە پاڵ ناوی خۆی، لەکاتێکدا ئێمە هیچ شتێک نابینین کە لە بنەمایەکی هونەریەوە گوزارشت لەیەکەی گوتارێکی شانۆیی بکات، ئەوەی هەیە هات وهاوارێکی نارێک کە جۆرێکە لە ئەنارشیستێک کە پەیوەست نیە بە سیستمێکی ڕێکخەرەوە تاوەکو ئەو فەوزایە ڕێکبخاتەوە ناو یەکەی گوتارێکەوە بەڵکو ئێمە لەبەردەم سادەترین ئارەزووی لاسایی کردنەوەی نواندنین.

### جەستەی ئەکتەر لەگوزارشتی وێنەی ناخ

جەستەی ئەکتەر لەڕووبەری شانۆیەکی بچووکدا دەیەوێت بمانباتە سەر بازنەیەکی وەهمی تاوەکو ناوی بەرین بە "ڕۆمانی زانستی" ئەو پرۆسەی ناونانەی شانۆکاری ژاپۆنی (جۆن جۆن) پێشکەشمانی دەکات، زیاتر لەکاری بانتۆمایمێکی سوونەتی دەچێت، کە بە بانتۆمایمی کەسێتی ناسراوە، تیایدا ئەکتەر حالەتە کەسێتیەکانمان بۆ وێنە دەکێشێت، دەیەوێت لەڕێگەی جەستەوە ئێمە بەکولتورێک ئاشنا بکات، بەڵام نەک کولتورێکی ژاپۆنی بەڵکو بەجۆری کولتورێکی هاوبەشی جەستە، بەڵام ئەوەی دەبێتە ئامادەبوونی پرسیارئەوەیەئاخۆ خاڵی هاوبەشی کولتورەکان لەجەستەدا چیە؟ چونکە جەستەی خۆرهەڵاتی لەبەردەم جۆرێک سەرکوتکردنەوەیە کە ئەکتەر دەیەوێت لەو ڕووبەرە ئازادی بکات، جۆن جۆنیش تا تەواو بوونی نمایشەکە کێشەی ڕزگاربوونی لە کۆتەکان هەبوو کە جەستە پێیەوە بەندە، ئەوە جگە لەوەی سوورانەوەی جەستە لەناو دووبارە بوونەوەی جولەدا وای کردبوو نەتوانێ بەردەوام وامان لێ بکات بەدوای کردنەوەی کۆدە شاراوەکانی جەستەی داخراو بین.

### ئامادەنەبوونی گوتار لەشانۆی ئاست نزمدا

ئامادەنەبوونی گوتاری باڵا لەنمایشی شانۆیی دیدێکە خاڵی نیە لە غیابی مەعریفەی شانۆیی، ئەوەش دەشێت گریمانەی



چەندین فاکتەری جیاواز لەپشت نمایش بوەستێنێت، واتە ئەوە تەنیا فاکتەرێک نیە وا دەکات نمایشی شانۆیی لەئاستی نزمدا گوتاری بەرهەم هێنان نەخاتە ناو سیستمێکی دەلالی، کە گوزارشت لەو میتۆدە بکات کە شانۆکە هەڵگریەتی، بۆیە ئەگەر بۆ ئەکتەری پۆلەندی مارچین برزۆفسکی لە نمایشی (کلاڤن چانچن) ڕاگوزەری ئەکتەر لەگەڵ بینەر ئاوێتەی یەکەیەکی هونەری بکات، بەوەی هەر لەسەرەتاوە بەشێک لەبینەران لەسەر شانۆکە دەبن بەوەش ڕووبەری ئەکتەر دەست نیشان کراو دەبێت، ماتریالەکانی ئەکتەر ماتریالی ژیانی ڕۆژانەن ئەوەش وا دەکات داوای پێڵاوی بینەرێک بکات و دواتر بەشداری بینەر بکات بۆ دروستکردنی ڕیتم لە کارەکەیدا وبەشداری کردنی ئەکتەر لەناو زمانی کوریدا، هێندەی وەک گەمەیەک دەردەکەوێت بۆ شاردنەوەی ئاستی نزمی ڕاگوزەر هێندە بەشداری کردنی زمانی کوردی

نیە بۆ بەرهەم هێنانەوەی زمانێکی شانۆیی.

ئەو زمانە شانۆییەی لەڕێگەی بونیادەکانی شانۆوە پڕۆسەی بینین دەگەیەنێتە گوتاری هونەری بەتەواوی وونە، وەک چۆن ئەو گوتارە لەلای دەرهێنەری ئێرانی رەحمان هۆشیاری لە نمایشی (چوارسەدو حەفتاهەمین ڕۆژ) سەرباری بوونی تێکستێکی ئەدەبی، بەڵام دەسەلاتی تێکست چەق بەستنەوەی درووست کردنی ناوەندگەرێکە بۆ ووشە تیایدا ئەکتەر هەڵگری ووشەیە بۆ ووتنەوە، ئەوەی ریتمی نواندن ڕابگرێت تەنیا پەنابردنە بەر شێوازی دەربرینی ئەکتەرێکە لەڕێگەی شێوازێکی پێکەنیناویەوە، بەڵام سەرەنجام ئەوەی دەیبینین کارێکە ئارەزووکردنێک هەیە بۆ لاسایی کردنەوە کە نابێتە شانۆ، هەرچەندە لەبنەرەتدا تێکستەکە لە ڕۆمانێکی مارکیز وەرگیراوە، بەڵام لەنوسینەکەی حەمید ڕەزا نەعیمی تێکستێک هەیە کێشەی بوونی پیاوێکی نامۆیە لە شوێندا کەترسی پیاوەکان ترسیانە لە نامۆیەک کە ژنەکانیان عاشقی دەبن، ئەو بیرۆکەیە توانای ئەوەی هەبوو شانۆیەکی باڵا بنیات بنێت، بەڵام لەبەردەم توانای لاوازی نواندن و دەرهێنان وای کرد ئەکتەرو دەرهێنەر ببنە دیلی تێکست.

ئەو حالەتە تەواو جیاوازە لەلای ستاقی شانۆگەری (قامیشی ئەفسانەیی) بەهۆی ئەوەی میتۆدێکی دەست نیشان کراو هەیە پەیڕەو دەکرێت وتێکستەکەش هەر نوسینی ڕابەراکەیەتی کە سەلاح ئەلقەسەبە، بەهۆی ئەوەی ویستراوە ئەزموونی ئەو شانۆکارە عیراقیە لەڕێگەی ئەو نمایشەوە بگوازرێتەوە، کێشەی سەرەکی نەبوونی ئەو ئاگاییە فەلسەفییە کە ئەکتەرو دەرهێنەر لە کەم ئەزموونی ناتوانن درکی زەمەنی ناو وێنە بکەن، ئەوەش وا دەکات موفرەدەکان وەک ماتریالی ناو وینە بێنەوە، بەبێ بوونیان وەک ماتریالی شانۆیی، چونکە ئەگەر لە ئەزموونی وێنەیی وێنەی شانۆیی لە ئاژاوەیەکەوە بە ئاژاوەیەکی هونەری دەگۆڕدرێت، بەلام ئەو نمایشە دیلی ناو ئاژاوەی بەر لە ئاژاوەی وێنەی شانۆییە، بۆیە وەک کارێکی سادەو ئاست نزم خۆی دەنوێنێت، ئەوەش وای کردبوو نەتوانرێت هەر موفرەدەیەک بوونی ئامادەبوونێکی ڕەمزیی و فەلسەفی هەبێت، بەڵکو ئامادەبوونی موفرەدە ئامادەبوونی ماددیانەی هەیە بۆ بینین، وەک چۆن ئامادەبوونی ئەکتەر تەنیا پڕکردنەوەی بارستاییە لەبۆشاییدا، دەنائەوان بە جولەی ئاسۆیی و ستوونی دەوەستن و دەجولێنەوە بەبێ ئەوەی هیچمان پێ نیشان بدەن، ئەوە جگە لەوەی هاودژبوونێک لەنێوان جولەی ئەوان ومۆسیقای نمایشەکە دەخولقێت، سەرباری ئەوەی کۆتاییەکی پچڕاو وا دەکات دەرهێنەریش لەناو بەد حاڵی بوونی کارەکەی خۆی بێت، ئەوەش جۆرێکیتری شانۆی ئاست نزمە کە هەریەکەی هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیەو ناکرێت تاکە هۆکارێک بکرێتە پێوەر بۆ ئاستی نزمی نمایشی لاواز.

مێتا: شانۆیەکی پێرفۆڕمانسی لەناو کێشە ئابوریی وکۆمەڵایەتیەکانەوە کە دەبێتە گرفتی کۆمەڵگا لەوێوە لە دارِشتەیەکی هونەریدا دەرهێنەری یۆنانی (ئیلی پاپا کۆنستانتینۆ) لە شانۆگەری (مێتا) دەگەڕێتەوە بەرەو ڕابردوو، بێ ئەوەی ئێنتیما بۆ زەمەنی ڕابردوو بکەن، ئەکتەرەکان بە ئاگایی ئەکتەری شانۆیی لەسەر شانۆن، ئەوە تێگەیشتنێکی برێختی نیە بۆ شانۆ، بەڵکو چەمکی پێر فۆڕمانسیە. کە ئەکتەر بەپێی ئاگایی خۆیەوە لە شانۆدا بەشداری دەکات، ئەوان کۆمەڵە ئەکتەرێکی شانۆیین دەیانەوێ لەڕێگەی گەڕانەوە بڕۆنەوە بۆ وێنەی (دوا خوانی مەسیح) ئەکتەرێک بەتەنیا نوێنەرایەتی مەسیح ناکات، ئەو تێگەیشتنە پێڕفۆڕمانسیە بۆ ئەکتەر وادەکات ئەکتەر نوێنەرایەتی کارەکتەر نەکات، بۆیە ئەوان ئەکتەرێکیان نیە ڕۆڵی مەسیح بگێڕێت مەسیح جارێک ئەکتەرێکی نێر ڕۆڵەکە دەگێڕێت، دواتر دەبینین ژنێک بووە بە مەسیح. ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای تێگەیشتنی پێرفۆڕمانسی لای ئارتۆ کاتێ ووتی ئەکتەرێک نیە نێر بێت یان مێ ڕەش بێت یان سپی، ئەوە جگە لەوەی ئەوان ژیانی ئاسایی خۆیان دەژین، بۆیە لەشێوەی پڕۆڤەیەک دەچێت، تەنانەت پەیوەندیی سرووشتی خۆیان دەژین، وەک لە دیمەنی پەیوەندیی سێکسی دوو ئەکتەرەکە بینیمان، ئەوە کەلێنێک دەخاتە نێوان ئەو نمایشەوە ئەوە تێگەیشتنی کولتورییە، کە ئەوان بەهۆی ئەوەی لە کولتورێکەوە دێن کە ڕەگێکی پۆڵاینی لە شانۆدا هەیە بەریەککەوتنی کولتوریی لەگەڵ ئێمە دەبنەوە بەهۆی ئەوەی ئێمە شانۆکەشمان بەرەنجامی ئاگایی ناو کایە کۆمەڵایەتیەکانە، شانۆمان نەیتوانیووە گوتارێکی میتا ئەخلاقی بە ژیان ببەخشێت، ئەوەش وای کردووە شانۆکارە یۆنانیەکان ناچار بکەین بەشێکی نمایشەکەیان لا بەرن و نیشانی نەدەن بەتایبەت ئەو دیمەنانەی پەیوەندیی بەجەستەوسێکسەوە هەیە، هەرچەندە بەشێک لەو دیمەنانەی نیشاندران بەتایبەت سەماکردنی دووکچە ئەکتەرەکە لە لوتکەی ئاستی هونەری بوو، ئەوەی وای کرد ئەو نمایشە نەبێتە جێگای بایەخی لیژنەی دادوەران و توێژی شانۆکاران پەیوەستە بە نەبوونی ئەو ئاگاییە شانۆییەی کە درکی گوتاری باڵای ئەم نمایشەی نەکرد وەک گوتارێکی باڵای شانۆیەکی ئاست بەرز.

# دایکە ئازاکەی برێخت

حەمەسوار عەزیز

لە چوارچێوەی یەکەمین فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی هەولێری بۆ شانۆ کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر لە ڕۆژانی 18-2011/9/24 لە هەولێری پایتەخت بەڕێوەچوو، تیاییدا بە بەشداری 10 وڵات یانزە نمایشی شانۆیی پێشکەشکرا، ئەم وتارە هەڵوەستەیەکە بەرانبەر چەند نمایشێکی ئەم فیستیڤاڵە.

"دایکە ئازاکە" یەکێکە لە تێکستەکانی نووسەری ئەلمانی (بەرتۆلد برێخت) کە لە ساڵی 1939 لە پەناهەندەیی نووسراوەو 1941 لە وڵاتی سویسرا نمایش کراوەو دواتر لە ساڵی 1949 وەک یەکەم بەرهەمی (بەرلین ئینسامبل) لە ئەلمانیا بۆ ماوەی 12 ساڵ چوارسەد جار نمایشکراوە.

ئەم تێکستە باسی شەڕی سی ساڵەی ئەوروپا دەکات کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدە لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان هەڵگیرسا، ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە لە دوانزە پەردە یاخود بەشدا باسی دوانزە ساڵی ئەو شەڕە دەکات لە ساڵی 1624 تا ساڵی 1636 دەخایەنێت، بێگومان ماوەی ڕاستەقینەی شەڕەکە سی ساڵ بووە وڵاتی ئەلمانیاش یەکەم زەرەر مەندی ئەو شەڕە بووە چونکە بەشێکی کاسۆلیک و بەشێکی پرۆتستانت بووە، بەو مانایەی بەشێکی ئەو وڵاتە شەڕی بەشەکەی تری کردووە، لەبنەڕەتیشدا ئەم شەڕە لەسەر دین و مەزهەب هەڵدەگیرسێت بەڵام فاکتەری سەرەکی دین نییە و بەرژەوەندی و دەسەڵاتی پاوانخوازییە و دین و مەزهەب تەنها وەک فاکتەرێکی چاوبەستنی خەڵکەکە بەکار هاتووە.



"دایکە ئازاکە" ئەو ژنەیە کە بەخۆی و گالیسکەکەی و بە یارمەتی هەردوو کوڕەکەی و کچە لاڵەکەی لەسەر سنوورەکان لە نێوان شەڕکەرەکان دەسووڕێتەوە و بازرگانی دەکات، کەلوپەلی سووک لە خواردن و خواردنەوەو جل و بەرگ و کەتان بە شەڕکەرەکان دەفرۆشێت، زۆریش مەبەستیەتی شەڕەکە درێژەکە بکێشێت بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین قازانجی لەو شەڕە دەسبکەوێت، هەمیشە ئاواتە خوازیشە کە شەڕ لە منداڵەکانی دوور بێت، بەڵام وەک ئەوەی برێشت لە دیالۆگیک ئاماژەی پێدەکات کە دەڵێت "ئەوەی لەگەڵ شەیتان بەرچایی بکات دەبێ کەوچکێکی درێژی پێ بێت"، دایکە ئازاش بەخۆی نازانێت کە دەبینی هەر سێ منداڵەکەی دەبنە قوربانی و سوتەمەنی ئەو جەنگەی کە دەیویست قازانجی لێبکات.

زانراوە کە برێخت زۆر سەرسام بووە بە کارەکانی شکسپیر، وەکو ئەویش لە تێکستە شانۆییەکانی پەنای بۆ ڕووداوە مێژوویەکان بردوە، بەڵام جیاوازی نێوان شکسپیر و برێخت لەم لایەنە ئەوەیە کە شکسپیر لە ڕوانگەی پادشاو میرو دەسەڵاتدارو بەگزادەکان مامەڵەی لەگەڵ مێژوودا کردوە، لە بەرانبەر ئەوەدا برێخت لە دیگاو تێروانینی کەسانی ژێرەوە واتە خەڵکی چەوساوەو بێدەرەتان لاپەڕەکانی مێژووی تاوتوێکردووە، بێگومان برێخت نە مەبەستی بووە مێژوو بگێڕێتەوە نە مەبەستیشی بووە بینووسێتەوە، بەڵکو ئەو هەوڵیداوە لە کارێکی داستان ئامێزدا دیالۆگ لەگەڵ بینەر بکات، بەو مانایەی ئەو دەیەوێت بە بینەر بڵێت ئەو ڕووداوەی کە دەیبینێت ئێستا ڕوونادات، پێشتر ڕوویان داوە، یا ڕەنگە هەر ڕووشی نەدابێت، واتە برێخت دەیەوێ کارەکتەرو کردە درامییەکان بەشێوەیەک بە بینەر بگات کە بتوانێت بە ئاگاییەوە تێیان بڕوانێت و هەڵوێست بەرانبەرییان بنوێنێت.

دایکە ئازاکە کارەکتەرێکی ئاڵۆزو دژوارەو یەکێکە لەو کاراکتەرانەیە کە قسەی زۆری لەسەر کراوەو ئێستاش قسەی

زۆر هەڵدەگرێت، ژنێک بە شێوەیەک لە جەنگ دەڕوانێت کە دەکرێت قازانجی زۆری لێ ببینێت، گالیسکەکەی وەک سیمبوڵی بازرگانیکردن، بەشێک لە کەسایەتی دایکە ئازا پێکدەهێنێت، بۆیە دەبینین تەنانەت لەو کاتەش کە کوڕەکەی رووبەرووی مەرگ دەبێتەوە، دایکە ئازا کاتێکی زۆری دەوێت تا بیر بکاتەوە ئاخۆ دەتوانێت دەست لە گالیسکەکەی هەڵبگرێت لە بەرانبەر رزگار کردنی ژیانی کوڕەکەی، کاتێکیش کە بە نابەدڵی بڕیار دەدات دەبینێت کات بەسەرچووەو ئەم دوو دڵیەی بۆتە هۆکاری مردنی کوڕەکەی، تەنانەت لە دوا دیمەنی شانۆگەرییەکەش کە هەر سێ رۆڵەکەی لە دەستدات ئامادە نییە واز لە گالیسکەکەی بێنێت و دیسانەوە دەست دەکاتەوە بە راکێشانی گالیسکەکەی، بەو مانایەی ئەو هەمیشە بازرگانییەکەی خۆی لە ژیانی منداڵەکانی بە گرنگتر زانیوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو دیمەنە بکەین دەبینین تەنانەت گالیسکەکەشی شتێکی وای تێدا نەماوە کە شایستەی بازرگانیکردن بێت، بەو مانایەی برێشت پەیامێکمان پێدەدات کە تیایدا دەڵێت"ئەو کەسە چاو چنۆکانەی کە وادەزانن دەکرێت لە شەڕەکان قازانج بکەن، کاتێ بە خۆیان دەزانن زیانی زۆر گەورەیان بەرکەوتووە".

نمایشی (دایکە ئازاکە) کە لە دووەم رۆژی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی هەولێر نمایشکرا، لە دەرهێنانی "زۆلیفەر ئەرنارسۆن "و نواندنی هەریەک لە ( سۆلیڤیچ ئارنادۆتیز، کریستین مۆژویک، ئەلیسا سناکۆسکی، ئینگۆ بێرمان، گابریێل کازیس، فرانک لیتونیچ، میشێل ج مۆلەر و یانیک زورکێر) بوو.

ئەگەر باس لەو نمایشەی گروپە ئەلمانیەکەی شاری کۆنستاس بکەین، کە بۆ ماوەی 25 ساڵە لە ئەوروپا نمایشدەکرێت، دەبینین تەنانەت لەرووی بە پراکتیکردنی تیۆرییەکانی برێخت لە شانۆی داستانی گۆڕانکاری گەورە روویداوە، لەم نمایشە ئەکتەرەکان لەسەر ستەیجێکی بازنەیی جولاو دانیشتوون و سەرەتا یەکە یەکە خۆیان پێشکەشی بینەر دەکەن وەک ئەکتەر، لە ناوەڕاستی ستەیجەکەش چەند ئامێرێکی موسیقی دامەزراوە کە بۆ ئەداکردنی گۆرانییەکانی ناو شانۆگەرییەکە بەکار دەهێنرێت، خولانەوەی بەردەوامی ستەیجەکەش ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ جوولەی گالیسکەکەی دایکە ئازا یاخود هێمایەک بۆ تێپەڕبوونی زەمەن لە نمایشەکە.



شانۆ لە هۆڵێکی سپی گەورە دەچێت و دوو رووەکەی پێشەوە وەک شاشەی سکرین بۆ نمایشکردنی تێبینییەکانی برێخت تەرخانکراوە کە لە سەرەتای هەموو دیمەنەکان برێشت لەنێو دوو کەوانە دەیانوسێتەوە، لە کاتی خۆشیدا کە برێخت بۆ یەکەمجار ئەم نمایشەی لە ئەلمانیا پێشکەش کرد شانۆی بە خامێکی سپی داپۆشی کە بەشێکی وەک شاشە بەکار دەهێنا.

یەکێک لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی ئەم نمایشە ئەوەیە کە دەرهێنەر گالیسکەکەی دایکە ئازاکەو زۆرێک لەو ئێکسسوارانە بەکار ناهێنێت کە لە تێکستەکەی برێخت هاتووە، بە تایبەتیش گالیسکەکە کە لە لایەن برێختەوە بایەخی زۆری پێدراوە و وەک سیمبوڵی بازرگانی لە لایەک و لە لایەکی تریش وەک درێژەپێدەری ژیانی مەدەنییەتی ئەو دیو سنوورەکانی جەنگ بەکار هێنراوە، ڕەنگە وەک ئەوەی ئاماژەم پێدا ستەیجە خولاوەکەی لە جێگەی گالیسکەکە بەکار هێنابێت.

لەم نمایشە دەرهێنەر رێگرە لەوەی بینەر رووبچێتە دونیای ئەو رووداوانەی کە لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، بۆیە هەر لەسەرەتاوە هەموو ئەکتەرەکان دەخاتە سەرشانۆو یەک یەک بەناوی راستەقینە خۆیان پێشکەشی بینەر دەکەن، لەو دیمەنانەش کە رۆڵیان نییە دەبن بە بینەر و سەیری ڕووداوەکان دەکەن، ئەمەش قۆناغێکی پێشکەوتووە لەو تەغریبەی کە برێخت لە تیۆرییەکانی باسیکردووەو لە شانۆنامەکانی کاری لەسەر کردووە، ئەوەی یارمەتیدەریشە کە گۆڕانکاری لە تێکستەکانی برێخت بکرێت ئەوەیە کە برێخت خۆی زۆر بڕوای بە گۆڕانکاری هەبووەو خۆیشی چەندین جار دەسکاری تێکستەکانی کردووە بۆ ئەوەی ئامانجی باشتر بەدەستەوە بدەن .

هەر لەم ڕوانگەوەش دەبینین هیچ

شتێکی شاراوە لەو نمایشە نییە، تەنانەت کە ئەکتەرەکانیش بۆ حاڵەتێکی ئازارو ئەشکەنجەدان ماکیاژ دەکرێن، دەبینین لەبەر چاوی بینەر ئەو ماکیاژکردنە ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بینەر نەچێتە ژێر کاریگەری سۆزداری ئەو ئازار دانە و لەجیاتی عەقل و مەنتیق بە دڵ و سۆزەوە ئاوێتەی ڕووداوەکان نەبێت.

بێگومان ئەگەر بەدوای ڕەگەزەکانی تری تەغریب بگەڕێین لەم نمایشە ڕەنگە تاقە دیمەنێک نەدۆزینەوە کە خاڵی بێت لەو ڕەگەزە بنەڕەتییەی کە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شانۆی بریشت دەزانرێت.

ڕەگەزێکی بنەڕەتی کە هەمیشە لە شانۆنامە داستانییەکانی بریخت هەستی پێدەکرێت، گۆرانی گووتنی کارەکتەرەکانە، ئەم تەکنیکە وەک تەکنیکێکی بنەڕەتی شانۆی داستانی لە زۆرینەی شانۆنامەکانی بریخت بایەخی زۆری پێدراوە، کە زۆرجار ئەکتەر لەو نمایشانەو لەڕێگەی ئەو گۆرانیانە وەک حیکایەتخوانیش دەردەکەوێت، ئەمەش لە دایکە ئازاکە بە ڕوونی دەبینرا، بۆیە ئەکتەری شانۆنامەکانی بریخت دەبێ ئەکتەری تەواو بن و بتوانن جگە لە ئەداکردنی کارەکتەر و گۆرانی بڵێن و سەما بکەن .

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە بریخت شەرمنانە لە تێکستەکەی قسەی لەسەر کردووەو لە نمایشەکە زۆر بەزەقی کاری لەسەر کراوە مەسەلەی سێکسە، دەبینین بریخت ئەو پانتاییەی بە سێکس نەبەخشیوە لە تێکستەکەی هەرچەندە لە چەند شوێنێک بە ئاماژە و دیالۆگ قسەیان لەسەر دەکات، بەڵام لە نمایشەکەی زۆلیڤەر پانتایی زیاتر بەو کردارە دەبەخشرێت، لەلایەک وەک فاکتەرێکی پاوانخوازی و دابینکردنی بەرژەوەندییەکان، لە لایەکی تر وەک یەکێک لە دەرەنجامە ناشیرینەکانی جەنگ کە ڕەنگە خەڵکانێکی زۆر لە پەراوێزی جەنگدا تووشی دەستدرێژی سێکسی ببنەوەو حەزو ئاواتەکانیان بکوژرێت.

ئەگەر باس لە شێوازو ستایلی نواندن بکەین لەم نمایشە ئەوە جیاوازی زۆر دەبینین لە شێوازی کارکردن لەم نمایشە و نمایشەکانی تر کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت تیۆرییەکانی ستانسلافسکی دەبەستن، بریشت وەک چۆن کار لەسەر بینەر دەکات، بە هەمان شێوەش کار لەسەر ئەکتەر دەکات، واتە ڕێگە نادات ئەکتەر لەسەر شانۆ خودی کەسایەتی خۆی وون بکات و لەنێو کارەکتەرەکە بتوێتەوە، بەو مانایەی هەمیشە وا لە ئەکتەر دەکات کە بەئاگایی نواندن بکات و نەچێتە حاڵەتی تەقەموسی ئەو کارەکتەرەو دەبێ هەمیشە هێڵێکی هەستپێکراو لەنێوان خۆی و کارەکتەرەکەی دروستبکات، واتە تێگەیشتنی بۆ نواندن لەوە سەرچاوە بگرێت کە ئەوە دیمەنێکی شانۆییە و بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت و دەکرێت بە دەیان شێوەی جیاوازی تر کاری لەسەر بکرێت، لەکۆتاییشدا ئەو وەک ئەکتەرێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەدای ئەو کارەکتەرە دەکات و ئەوەی هەمیشە لەسەر شانۆ ئامادەگی هەیە خودی ئەکتەرەکەیە نەوەکو کارەکتەرەکە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەداکردنی ئەکتەرەکانی نمایشی "دایکە ئازاکە" حاڵەتێکی زەهنی بە بینەر دەبەخشی کە وایدەکەیت هەمیشە دونیابینی بینەر نەچێتە ژێر کاریگەری سۆزداری ڕووداوەکان و ئەرکی ئەکتەر لەم نمایشە لەوە کورتدەکرێتەوە کە سروشتی نمایشەکە بپارێزن و جوانکاری و عەفەویەت بە ڕیتم و هارمۆنییەتی ڕووداوەکان ببەخشن.

بۆیە دەکریت لە کۆتایی بڵێم "ئەمە ئەو شەوە بوو کە تیاییدا بریخت و دایکە ئازاکەمان ناسی".



## "بەهای ئاو" و بەهای جوانی لە نمایشی شانۆیی

حەمەسوار عەزیز

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر لە ڕۆژانی 18-2011/10/24 یەکەم فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ بە بەشداری دە وڵات و یانزە نمایش بەڕێوەبرد.

یەکێک لە جوانترین نمایشەکانی فیستیڤاڵی هەولێر، نمایشی شانۆیی " بەهای ئاو" بوو، لە نووسین و دەرهێنانی لیزا زایدل و نواندنی (لیزا زایدل، ئینیس

شیرەر و کریستۆڤ ئیلینگ)، ئەم بەرهەمە بەزمانی ئەلمانی پێشکەشکراو بەرهەمی وڵاتی سویسرا بوو.
"بەهای ئاو" لە ڕووی فۆرم و تەکنیکی کارکردن یەکێک لە جوانترین نمایشەکانی فیستیڤاڵی هەولێر بوو،( ئاو) پاڵەوانی سەرەکی نمایشەکەو کارەکتەرێکی زیندووی سەر تەختەی شانۆ بوو.
ئەگەر بمانەوێت لە بەهای ئاو تێبگەین، ئەوە جێی گومان نییە کە بەهای ئاو یەکسانە بە بەهای ژیان، هەمیشە ئاو ئەو کارەکتەرە سەرەکییەیە لە ژیانمان کە لە هەموو ساتەکان هاودەممانەو لێمانەوە نزیکە، هەندێ جار وەکو دۆست و هەندێکی جاری تریش وەک دوژمن و نەیار مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە هیچ کاتێک وەک کارەکتەرێکی سەرەکی شانۆی ژیان بایەخمان پێی نەداوەو مامەڵەمان لەگەڵ نەکردووە، مەگەر تەنها لەو کاتانەی کە لە قەیرانی دەسکەوتنی ئاو بووین، ئەو کاتە هەستمان کردووە کاریگەری ئەو کارەکتەرو یاریکەرە سەرەکییەی ژیان چەندەو چییە.
بێگومان نمایشی شانۆیی لەسەر دوو پێگەی سەرەکی بینا دەکرێت کە فۆرم و بابەتە، زۆرجار لە نمایشێکدا زیاتر بایەخ بە یەکێکیان دەدرێت لەسەر ئەستۆی پەراوێزکردنی ئەویتر، ئەمەش بەگوێرەی سروشتی نمایشەکە کاریگەری خۆی دەبێت، نمایشی "بەهای ئاو" یەکێک لەو نمایشانە بوو کە دەرهێنەر تیاییدا بایەخی زۆری بە فۆرم و تەکنیکدا بوو، ئەم دوو ڕەگەزە بنەمای سەرەکی نمایشەکە بوون، لەم نمایشە کردارو ڕووداو و گرێ بە مانا تەقلیدی و سواوەکەی بوونی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پاڵەوان هەبوو، کارتێکەرو کارتێکراو هەبوو، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو کە زۆر بە ئاسانی رۆڵەکان لە نێوان ئەم دوو جەمسەرە ئالوگۆڕ دەکرا، بۆیە هەردوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی نمایش لە هەردوو فۆرمدا دەردەکەوتن، واتە ئاو و مرۆڤ، جارێک کە ئاو کار تێکەر بوو، مرۆڤ دەبوو بە کارتێکراو، جارێکی تریش هاوکێشەکە پێچەوانەوە دەبێتەوە.
لەم نمایشە ئاو تەنها پاڵەوانی بنەڕەتی و کارەکتەری سەرەکی نمایشەکە نەبوو، بەڵکو فاکتەرێکی هەمیشەیی دروستکردنی فۆرمی نمایش و مایسترۆی ڕێکخستنی ڕیتمی بەڕێوەچوونی نمایشەکە بوو.
"بەهای ئاو" تەنها نمایشێک نەبوو بۆ بینین، بەڵکو هارمۆنیایەک بوو بۆ بیستن، فۆرمێک بوو بۆ بەخشینی چێژ، ڕاستە ڕەگەزی بنەڕەتی دراما بە شێوە تەقلیدیەکەی بوونی نەبوو، بەو مانایەی کرداری ئاسایی و گرێی ئاسایی و کارەکتەری ئاسایی لەو نمایشە نەدەبینرا، هێلێکی دیاریکراوی ڕووداو و کردار نەبوو، بەڵام ئەمە هەمووی بەیەکەوە نەبووە مایەی ئەوەی کە وەک بینەر چێژ لەو نمایشە وەرنەگرین و هەستی بێزاری و وەڕسبوونی لامان دروست نەکرد، بە پێچەوانەوە نائامادەیی ئەو ڕەگەزانە لە نمایشانە کاریگەری نەبوو لەسەر چێژ وەرگرتنی بینەر، چونکە فۆرم و تەکنیک هەموو بۆشاییەکانی ئەم نمایشەی پڕکردبوو لە کردار، ئەو کردارانەی کە دەتوانن بینەر سەرسام بکەن، لە هەمووشی گرنگتر ئەو تەکنیکەی کە لە نمایشەکە کاری لەسەر دەکرا بەهۆی ئامێری تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو نەبوو، بەڵکو بەهۆی چەند کەلوپەلێکی رۆژانەی زۆر سادە ئەو هارمۆنییە لە بینین و بیستن کاری لەسەر دەکرا، کێ ئەوەی بە خەیاڵدا دێت لە لەڕێگەی دەستەوانەیەکی لاستیک و خشاندنی چەند دانە چەوێک بە ڕووی ناوەوەی دەفرێکی شوشە، موزیکێکی شانۆیی زۆر تایبەت و جیاواز دروست بکەیت کە ببێتە بەشێک لە هارمۆنیای بیستن و ڕیتمێکی سیحرئامێز بە فۆرم و جوولە ببەخشێت.
لایەنێکی تری گەشی ئەو نمایشە ئەدای کچە ئەکتەر (لیزا زایدل) بوو، کە بە جلو بەرگێکی ڕەشەوە یاری لەنێو چەمک و مەبەست و تەشکیلە جوانکارییەکانی ئاو دەکرد، ئەدای ئەو خانمە هاوسەنگییەکی بە کارەکتەری ئاو بەخشی لە نمایشەکەو وەک تایەکی تری هاوکێشەکە فۆرمەکانی پڕ دەکرد لە چەمکی تێگەیشتن و جوانی بەخشین، لە هەمووشی جوانتر سەرچاوەی ڕیتمی ئەداکردنی ئەو خانمە، لە ڕیتم و تێگەیشتنی ڕیتمی ئاوەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەمیشە هارمۆنیەکی زۆر ساناو شیرین لە جوولەکانی دەبینرا، کە لەڕاستییدا بەشێک بوو لە هارمۆنیەتی ڕیتمی جوولەی ئاو لە سروشتدا، بۆیە هەمیشە وەک سێبەری ئاوەکە هەستمان بەو کارەکتەرە دەکرد.
لە کۆتاییدا ماوە ئەوە بڵێم نمایشی شانۆیی ( بەهای ئاو) بەرجەستەکردنی بەهای جوانی بوو لە نمایشی شانۆیی کە بەداخەوە لە زۆرێک لە نمایشەکانی لای خۆمان نابینرێت و فەرامۆش کراوە.



# فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ، بەبێ بەشداریکردنی تیپەکانی هەولێر کۆتایی بە کارەکانی هێنا



**خەلیل یابە کەریم**

ئـەوەی جێگای دڵخۆشی و بـەخـتـەوەری شـانـۆکـارانـی کوردستانی ئازیزە، لەماوەی سـاڵـی 1102 دا ئـەوە سێیەمین فیستڤاڵی شانۆییە کە بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێت، فیستڤاڵی پێشتر کە لە سلێمانی کرا لەنێوان 5/12-1102/5/62 بـوو، پێشتر لـە چەندین شـوێـن ئـامـاژەم پێکرد، بە تایبەتی لە ژمارە (071)ی گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویست کـە فیستڤاڵی سلێمانی بۆ شانۆ لە ڕووی بـەڕێـوەچـوون و ڕێـوڕەسـم و بـرگـەکـانـیـەوە گـەلـێـک ڕێکوپێک بوو، بەڵام لە ڕووی نـاوەڕۆک و هـەڵسەنگاندنی شـانـۆگـەرییـەکـانـەوە ئـەگـەر خاتوو ژولیای هونەرمەند بەکر ڕەشید نەبوایە بەرهەمەکانی تر گەلێک لاواز و ساکار و موتەوازیع بوون، دەبوایە بوار نەدرێت بەبێ هەڵسەنگاندن هـەمـوو کـارێـکـی شـانـۆیـی بەشداریی لە فیستیڤاڵدا بکات، هەرچۆنێک بێت فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ بە بەشداریکردنی چەندین تیپی شانۆیی ڕۆژئـاوا و ژاپـۆن و کوردستانی ڕۆژهـەڵات، جگە لە دوو کاری شانۆیی هەولێر و کەرکووک و ئامادەبوونی بـڕێـک لـە هـونـەرمـەنـدانـی کـوردسـتـان بـەڕێـوەچـوو، ڕێـوڕەسـمـی کـردنـەوەی فیستیڤاڵ لە کاتژمێر 11ی بەیانی ڕۆژی 1102/9/81 لە هۆڵی پێشەوا لەناو وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستی پێکرد.

بـەسـەرپـەرشـتـی سـەرۆکـی ئەنجومەنی وەزیران د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح بوو، هەریەک لـە وەزیـری ڕۆشـنـبـیـری و لاوان د.کـاوە مـەحـموود و پـارێـزگـاری هـەولـێـر بـەڕێـز نــەوزاد هــادی بـڕێـکـی زۆر لــە بــەرپــرســە حــزبــی و حکوومییەکان و هونەرمەندان و هونەردۆستان و ڕۆشنبیران و میدیاکان و وەزیـری کار و کـاروبـاری کـۆمـەڵایـەتـی و خەڵکێکی زۆر ئـامـادەی بـوون، سـەرەتـا فیستیڤاڵەکە بـەسـروودی ئـەی ڕەقـیـب دەستی پێکرد و بە سکرین چـەنـد وێـنـەیـەکـی شـانـۆکـارە شـەهید و کـۆچـکـردووەکـان نـیـشـانـدران، بـە داخـەوە دەبوایە وێنەی هونەرمەند (حەسکۆ) عوسمان ڕەحمان-یشی تێدا بوایە، پاشان وتاری سـەرپـەرشـتـیـاری گشتی فیستیڤاڵ لـەلایـەن شـەماڵ حەوێزی-ەوە پێشکەش کرا، تێیدا پاش بەخێرهاتنی میوانان باسی ڕەوشـی شانۆی کرد لـە کـوردسـتـان و کارەکانی شانۆکارانی بە گرنگ وەسف کرد، پاشان د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سـەرۆکـی ئەنجومەنی وەزیـران چەند پەیڤێکی بە نرخی دەربارەی ڕۆڵی شانۆ و شـانـۆکـاران بـە هـەردوو زمـانـی کـوردی و ئینگلیزی پێشکەش کرد، لە دوای ئەو وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحمود لە وتەیەکیدا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و ڕۆڵی شانۆکارانی کوردی بەرز نرخاند، پاشان هەمان وتـەی بە عـەرەبی دووبـارە کردەوە، هەروەها پارێزگاری هەولێر بەڕێز نـەوزاد هادی وتـەیـەکـی پێشکەش کـرد و تێیدا ستایشی شانۆکارانی کرد و باسی لە گرنگی ڕەوتی شـانـۆ کـرد، پـاشـان وتـاری "(T)" لـەلایـەن سـەرۆکـی فیستیڤاڵ (otemretaehT) خوێنرایەوە، لە دوای وتارەکان میلۆدی فیستیڤاڵ پێشکەش کرا کە لە شیعری ئەحمەد سالار و ئاواز و دابەشکردنی فەرهەنگ غەفوور بوو، پاشان چـەنـد تـابـلـۆیـەکـی هـونـەری لـەلایـەن تیپی نـەتـەوایـەتـی هــونــەرە میللییەکانەوە پێشکەش کـرا، هـەروەهـا پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە



شانۆی هەولێر

پێش هۆڵی پێشەوا کرایەوە کە دەبوایە وێنەی ئەرشیفی بزاڤی شانۆیی لە کوردستان لەخۆ بگرێت، بەڵام ئەوە نەکرابوو هەرچەندە لە پرۆگرام نووسرابوو تایبەت بە شانۆ، پێوەندی بە شانۆوە نەبوو زۆربەی زۆری لە کاتی ڕێزلێگرتن و تۆقەکردن لەلایەن جیهانگیر گەردی گیرابوو و وێنەی چەند کەسێکی سنووردار بوو، دەبوایە بەلای کەمەوە چەند فۆتۆیەکی شانۆیی نمایش بکرایە لە ساڵەی هۆڵی پێشەوا بە تایبەتی پاش تەواوبوونی مەراسیمی کردنەوە سەرۆکی حکوومەت سەیرێکی ئەم فۆتۆیانەی کرد، کاتژمێر 03.5ی ئێوارەی هەمان ڕۆژدا 1102/9/81 لە هۆڵی ڤەل بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە شانۆکارانی میوان لە بیانی و عەرەبی و خۆجێیی شانۆگەری (چیرۆکە بەردەوامەکە) لە نووسین و دەرهێنانی ئەحمەد سالار و نواندنی کۆمەڵە گەنجێک: سایە حوسێن، هونەر ئەحمەد سالار، بەڵێن ئومێد، ڕابەر شێرزاد، بەختیار عەبدولرەحمان، لازۆ یوسف عوسمان، دڵشاد شهاب نمایش کرا. ی. دەرهێنەر زەردەشت جەلال، ڕووناکی: زاهیر ئیبراهیم، سینۆگرافیا: شێرزاد عەزیز، میوزک: نەوزاد تاهیر، بووکەڵە: شیلان ئەمین، دیکۆر: نیعمەت، محەمەد ئازاد، هەڵۆ ئازاد، وەک هەموو کارەکانی دی هونەرمەند ئەحمەد سالار بە هەمان ڕێبازی پێشووی ئەم شانۆگەرییەی نمایش کرا، شێوەی برێختی و ئاهەنگسازی، هەمیشە کاک ئەحمەد سالار لە تێکستە شانۆییەکانی کە هەمووی خۆی دەیاننووسێ و ئامادەیان دەکات، سوود لە چیرۆک و بەسەرهات و کولتووری کوردەواری وەردەگرێت، لەم شانۆگەرییەدا سوودی لە چیرۆکی مەڕۆکە و بزنۆکەی منداڵان وەرگرتبوو، کە بەدەیان ساڵ لەسەردەمی منداڵیدا گوێمان لەم چیرۆکەی گوێی ئاگردان بووە کە گەورەکانمان بۆیان گێڕاوینەتەوە، کاک ئەحمەد ئەم چیرۆکەی بە شۆڕش و تێکۆشانی گەلی کورد بەستابۆوە کە ئەوە چەندین ساڵە هەوڵ دەدا بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، بەڵام دوژمنان، گورگەکان هەموو هەوڵ و خەباتمان لەبار دەبەن، بێچووەکانمان دەخۆن، ئەگەر بێتو بەراوردێک لەنێوان نالی و خەونێکی ئەرخەوانی کە کاک ئەحمەد سالار لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەسەرکەوتوویی نمایشی کرد، ئێستاش لە زیهن و گوێچکەی بینەردا دەزرنگێتەوە و لەنێوان ئەم شانۆگەرییەی ئێستایدا بکەین، ئاسمان و ڕێسمان جیاوازە، لەلایەن دەرهێنان و نواندنەوە سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەلایەن تێکستەوە لاوازی پێوە دیار بوو، تاڕادەیەک هەندێک جار بینەری وەڕس دەکرد، کاک کاک ئەحمەد سالار هونەرمەندێکی گەلێک بەتوانایە، نازانم چۆن ئەم دەقەی بۆ فیستیڤاڵ هەڵبژارد، لام وایە ئەمەیان ئامادەبوو، بۆیە دەبوایە هەر مۆنۆدرامای پاسەوان پێشکەش بکات گەلێک چاکتر بوو. کاتژمێر 8ی ئێوارە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، شانۆگەری مۆنۆدراما (شێتی جەنگ) پێشکەش کرا کە لە نووسینی: جیان دۆمینتلۆ و دەرهێنانی: ڕۆبەرتۆ کۆپۆنی و نواندنی: لیگینۆ ماردیگان، ڕووناکی: والتەر کالا بریتۆ نمایش کرا کە بەرهەمێکی وڵاتی ئیتاڵیا بوو، گوایە ئەم شانۆگەرییە زیاتر لە (002) جار لە شارەکانی ئیتاڵیا نمایش کراوە، ماوەی ئەم شانۆگەرییە مۆنۆدرامایە (07) خولەک بوو لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ کە لێواو لێو پڕ بینەر بوو لە کەشوهەوایەکی گەرم و خنکێنەردا، نمایشێکی دوورو درێژی وەڕسکار بوو، کەس پیتێکی لێ تێنەگەیشت، دیار بوو باسی لەو کەسانە دەکرد کە بەهۆی جەنگەوە شێت دەبن و هەڵسوکەوتی ناماقووڵ دەکەن، ڕۆژی دووەمی فیستیڤاڵ لە کاتژمێر (01)ی بەیانی لە هۆڵی بەڕێەبەرایەتی هونەری شانۆ وۆرک شۆپ لەژێر ناوی (دەرهێنانی شانۆیی) ئەنجام درا کە هونەرمەندە ئەڵمانەکان ئەنجامیان دابوو و بریتی بوو لەو جووڵە و هەڵسوکەوتەی، یان پێوەندییەی لەنێوان ئەکتەرەکان و کاردانەوەیان لە کاتی هەستکردن بە ترس و دڵەڕاوکێ و ئەنجام دەدرێت...تاد

کاتژمێر 03.5ی هەمان ڕۆژدا لە هۆڵی گەل شانۆگەری (خاتوو ژولیا) لە نووسینی: سترنبیێرگ و دەرهێنانی: بیۆڕن مێلەندەر و نواندنی: کامیلیە نیبرگ، ئەندیراس ڕۆدەنکرجن، ڕۆڵف کریستیانس بوو کە باس لە کچێکی دەوڵەمەند دەکات، دەسگیرانی کوڕە لۆردێک دەبێت (دەوڵەمەند) لە بۆنەیەکی گرنگ کە لەیەک لە شەوەکانی هاوین، کوڕە و کچە لێک دەترازێن، کچە ئەم شەوە زۆر غەمبار دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی بەشداری لە ئاهەنگی ئەم بۆنەیەدا ناکات کە لە وڵاتی سوێد ئەمە باوە، لەجیاتی ئەوە دێتەوە ماڵ لەگەڵ خزمەتکارەکەیان ڕادەبوێرن، سەمای لەگەڵ دەکات، پاشان خۆی دەدۆڕێنێت، پێشتر نمایشی خاتوو ژۆڵیای کوردیمان

بینی کە لە وەرگێڕانی نووسەر و ئەدیبی ناودار محەمەد موکری و دەرهێنانی هونەرمەندی لێهاتوو بەکر ڕەشید و نواندنی خانمە هونەرمەند دێرین عومەر و ئەکتەری گەنجی بە سەلیقە ئەژی نووری لە فیستیڤاڵی یەکەم و دووەمی سلێمانی نمایش کرا، لە دەرهێنان و نواندن و سینۆگرافیا و هەموو کارە هونەرییەکانی بە یەکەم دەرچوو، ئێمەش لە هەولێر لە 31-1102/4/41 لە هۆڵی میدیا نمایشێکی جوانی خاتوو ژولیامان بینی، بەداخەوە ئەو تیپە سویدییەی کە خاتوو ژۆلیایان نمایش کرد، یان ستافەکە لەگەڵ نمایشەکەی بەکر ڕەشید ئەرز و ئاسمانی جیاواز بوو، بینەر لە نمایشەکەی خاتوو ژۆلیا هەر تێر نەدەبوو، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین شانۆ و نمایشی شانۆیی ئەوکاتە سەرکەوتووە کە خۆشی و بەختەوەری بە بینەر ببەخشێت، هەروەها بینەر فێر بکات و پەیامێکیشی هەبێت. نمایشی سویدییەکان گەلێک ساردوسڕ بوو، هەرچەندە ئەوان چەند هێماو کردارێکی سێکسیان بە ئاشکرا نیشان دا، بەڵام ئەوە نابێتە پارسەنگ، بۆیە ئەم نمایشە لە ئاستی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا نەبوو.

کاتژمێر 8ی ئێوارە لە هۆڵی میدیا (دایکە ئازاکە9نمایش کرا کە لە نووسینی: برتۆڵد بریخت و دەرهێنانی: زۆلێڤەر ئەرناسۆن، نواندنی: سۆلڤیچ ئارناردۆلیز، کریستین مۆژویک، ئەلیسا ماناکۆسکی، ئینگۆ بیرمان، گابریل گازیس، فرانک لیتنویج، میشیل ج مولێر، یانیک زۆرکیۆ، موزیک: گابریل گازیس، بە دیکۆر و ڕووناکییەکی خوڵقێنەر، دیکۆرەکە بریتی بوو لە دوو پەپلیکان بەشێوەی سێگۆشە و لە هەمان کاتدا وەک یاری ڕۆلێت دەسووڕا، بەڕاستی تەکنیکی پێشکەوتوو بەکارهاتبوو، هەروەها نواندنەکە لە ئاستێکی بەرز دابوو، شایانی باسە برێخت ئەم شانۆگەرییەی لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم نووسیوە، تاکو ئێستا بە سەدان جار لە هەموو دنیا نمایش کراوە، باس لە دایکێکی ئازا دەکات کە چۆن لە کاتی جەنگ لەناو سەرباز و ئۆردییەکاندا بەدوای شتی بە کەڵک و بێ کەڵکدا دەگەڕێت و کۆیان دەکاتەوە و دەیانفرۆشێ و منداڵەکانی پێ بەخێو دەکات و لە نەهامەتی ڕزگاریان دەکات، ئەم نمایشە سەرکەوتووترین نمایش بوو لەم فیستیڤاڵەدا لە هەموو ڕوویەکەوە، چونکە تەکنیکی زۆر بەرز بوو، بە تایبەتی کە لە جیاتی باران خوێنیان باراند.

کاتژمێر 03،5ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەمە 1102/9/02 لەهۆڵی گەل شانۆیی (بەهای ئاو) نمایش کرا، کە لە نووسین و دەرهێنانی لیزا زایدل بوو، نواندنی: لیزا زایدل، ئێنێس شێوەر، کریستۆف ئیلینگ، دەنگ و مۆسیقا: کریستۆفەر لینینگ، سینۆگرافیا: میریا فیۆرەنتینۆ و فرانگ مارتن قایفە، نمایشێکی بەپێز بوو، تەکنیکی جوان بوو کە سکرینیان لەگەڵ بەکارهێنابووو لیزا زایدل لەشێکی نەرمونیانی لەنواندندا هەبوو، نمایشێکی جوان بوو بەشێوەی پانتۆمایم نمایش کرا. ئەم کارەش بەهاوبەشی سویسرا و ئەڵمانیا پێشکەش کرا.

کاتژمێر 8ی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکان شانۆیی ( دیموکراسیەت نەخۆشیەکی ڕۆژهەڵاتیە) دەرهێنان و سینۆگرافیا: دزهەیسەم عەبدولڕەزاق، ڕووناکی: عەقیل عوبێد عەلی، نواندنی: خالید عەلی هادی، سینان موحسین، یاس خدر عوبێد، لەیلا فارس یاسین، عەلی سەمیر محەمەد، یاسر قاسم عەبدوڵڵا، حوسێن جاسم، عومەر زیائەددین، ئەکرەم عیسام لەتیف، عوسام عەدنان ئەم شانۆگەرییەش باسی لە ململانێی نێوان سیاسییەکانی عێراقی دەکرد کە چۆن یەکتر قبوڵ ناکەن و لەناو پەرلەمان شەڕە قسە و کورسی دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدی گاڵتە ئامێز. کاتژمێر 01ی بەیانی ڕۆژی چوارشەمە 1102/9/12 لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ وۆرکشۆپێک سەبارەت بە ڕۆڵی مۆسیقا لە شانۆدا لەلایەن گرووپی ئێران بەڕێوەچوو. کاتژمێر 03،5ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ مۆنۆدرامای (ڕۆمانی زانستی) نمایش کرا، کە لە نووسین و نواندن و دەرهێنانی جۆن جۆن بوو، لەبەر ئەوەی ئامادەی نمایشەکە نەبووم هیچ سەرنجێکم دەربارەی ئەم نمایشە نییە. کاتژمێر 8ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ و لە هۆڵی گەل شانۆی (مێتا) نمایش کرا. دەرهێنانی ئیلی پاپا کۆنتانینۆ، دراما تۆرگ: دیمتریس بابیلیس، میوزیک: لامبراس پیگۆنس، نواندنی: پاولین هۆکوێت، ئادریان فریلینگ، ڤالیا پاپاکریست و گیانیس ڤۆلگاراکیس، ئەلیکترا سەکالیا، تیلیماخۆس موسلس، جۆرجیا سیلۆ، نمایشێکی یۆنانی بوو، لە چاو نمایشەکانی دی ئاستی بەرز نەبوو.

کاتژمێر 03،5ی ئێوارەی پێنج شەمە ڕێکەوتی 1102/9/22 لە هۆڵی گەل شانۆگەری



(چوارسەدو حەفتاهەمین ڕۆژ) نمایش کرا، کە شانۆگەرییەکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، نووسینی: حەمید ڕەزایی، دەرهێنانی: فاتح بادی ڕەوان، ی.دەرهێنەر: ڕەحمان هوشیاری، نواندنی: نەشوین نادری، نیکمەت ئەزەیی، هیوا مەنوچەهری، موختار قادری، کاژوان موحەمەدی، کەژاڵ ڕاستبین، سامانە سەیف، نگێن ئەزینە، میوزیک: ئومێد تاوسی، دیکۆر: فاتیح بەدیعە پاروا، نمایشێکی جوان بوو باس لە سێ گەنج دەکات کە لە کاتی ڕاوەماسی گەنجێکی مردوو دەدۆزنەوە، کە دەری دێنن و دەیهێننەوە ئافرەتەکان زۆر پێی سەرسام دەبن و پیاوەکانیش نیگەران، ئەم خنکاوە لەناو قەفەسێکی تابووت ئاسادابوو، ناوە ناوە قسەی دەکرد، واتە ئەو کەسانەی کە لە زیندانن، یان گرتووخانە وەک مردوو وان، بەڵام نمایشەکە ئاستێکی مامناوەندی هەبوو، کاتژمێر 8ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ و لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ مۆنۆدرامای (کلافن جانچن) نمایش کرا، دەرهێنان و نواندنی: مارچین برۆزۆفسکی، ئەم بەرهەمەش شانۆگەرییەکی پۆڵۆنی بوو، بەڵام ئاستی مامناوەندی بوو، کاتژمێر 01ی بەیانی ڕۆژی هەینی لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لەلایەن د. فازڵ جافەوە وۆرک شۆپێک دەربارەی نواندن بە تایبەتی ڕێبازی مایرهۆڵد ئەنجام درا، چونکە ئەو لەم ڕێبازەدا پسپۆڕە.

کاتژمێر 03.5ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە هۆڵی میدیا شانۆگەری (قامیشی ئەفسانەیی) نووسینی: د.سەلاح ئەلقەسەب، ئامادەکردن و دەرهێنانی: نەژاد نەجم بوو، یاریدەدەری دەرهێنەر: عەزیز عومەر، ب. شانۆ: عەبدوڵڵا کازم، دیکۆر: بەرزان مەدحەت، ڕووناکی: هیوا شکور، میوزیک: دەرهێنەر، سەرپەرشتیاری گشتی: عەبدوڵڵا کاکەیی، نواندنی: هونەر شەوقی، دارا عیزەددین، عومەر محەمەد لاوان، هاوار فارس، داستان بەرهەم، حسین عەلی، بریار مەروان، ئەڵوەند کاوە، هێمن جەمال، هێمن عومەر، ئالان هیوا، ئەحمەد نەجات، مراد ئایدن، حەیدەر ئەحمەدو ئەم شانۆگەرییە بەرهەمی شاری کەرکووک بوو، نواندنەکە پانتۆمایم بوو، بەشێوەی شانۆی وێنە بوو کە لە بنەڕەتدا سەلاح ئەلقەسەب بەم ڕێبازە بەناوبانگە، هەموو ئەکتەرەکان نیوە ڕووت بوون، تەنیا شۆرتێکیان لەبەردابوو جگە لە کچەکە، هەموویان جووڵەی وایان دەکرد کە لەناو کەشتییەکدان، ئەم شانۆگەرییە لەبەر ئاست لاوازی و نزمی پێشتر لیژنەی هەڵسەنگاندن بڕیاری نەدابوو لە ئامێزی فیستیڤاڵ بخرێتە کێبڕکێکەوە، ئەم شانۆگەرییانەش هیچ خۆشی و لەزەتێک بە بینەر نابەخشن، چونکە ڕێبازێکی وشکە. کاتژمێر 8ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی دەبوایە شانۆگەری (خەونا سەیدایێ هێژا) نووسین و دەرهێنانی زیاد عابد نمایش بکرێت، بەڵام لیژنەی هەڵسەنگاندن لەبەر ئاست نزمی بڕیاری بەشداری کردنی لە کێبڕکێکەیان نەدابوو، بۆیە دهۆک لەم فیستیڤاڵەدا بەشداری نەکرد، ڕۆژی شەمە 1102/9/42 ڕۆژی کۆتایی فیستیڤاڵ بوو، مەراسیمی کۆتایی لە کاتژمێر 11ی بەیانی بە وتەیەکی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان د. کاوە مەحمود دەستی پێ کرد کە گوتی ڕۆژە خۆشەکان بەخێرایی تێپەڕ دەبن، بەڵام بزاڤی شانۆیی هەر بەردەوام دەبێتو پاشان هەریەک لە هونەرمەندان سامی عەبدولحەمید و فازڵ جاف وتەیەکیان پێشکەش کرد و تێیدا باسی فیستیڤاڵەکەیان کرد و ئەنجامەکانیان خستە ڕوو، چونکە هەردووکیان لە لیژنەی داوەری کردنی فیستیڤاڵ بوون، ئەنجامەکان، سایە حسین لە نواندنی مێینە لە شانۆگەری (چیرۆکە بەردەوامەکە) خەڵاتی چاکترین ئەکتەری کچی بەرکەوت، خەڵاتەکانی دی زۆربەی زۆریان بۆ شانۆیی دایکە ئازاکە بوو، هەروەها دوو خەڵاتیش بەبەر نمایشی



بەهای ئاو کەوت کە بەرهەمی سویسرا بوو و بە هاوکاری ئەڵمانیا نمایش کرا، پێش ئەوە سامی عەبدولحەمید چەند بڕیار و ڕاسپاردەیەکی خوێندەوە و بە شێوەیەکی گشتی باسی لە ئاست نزمی هەندێک کار کرد، بۆ ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییە چەند لیژنەیەک دانرابوو کە ئەوانە بوون:

**لێژنەی ڕاگەیاندن:**
حەمە سوار عەزیز، مەسعودی مەلا هەمزە- عەبدولغەفار عەبدوڵڵا، کاروان گلی، هەڤاڵ جەوهەر، سامی کاکە.

**ستافی میدیاکان:**
زریان خەتاب: گەلی کوردستان، ڕەنجە کۆیی: کەناڵی هەولێر، میران محەمەد: کوردستان تیڤی، سەفەر کەریم: زاگرۆس تیڤی، هاوکار عەبدولڕەحمان: کوردستان، ساکار ڕۆستەم: گۆڤاری فیستیڤاڵ کە ئەم گۆڤارە کەس نەیبینی، بەهرە سدیق: گۆڤاری فیستیڤاڵ، ڕەوەند جەواد: گۆڤاری فیستیڤاڵ، کاروان فەیسەڵ: وێنەگر، سیامەند کەریم: وێنەگر، سامان عومەر خۆشناو: مۆنتێر، پشتیوان ڕەسوڵ: وێنەگر.

**لێژنەی پێشوازی:**
بەکر مەعروف، غازی شینە، سوهام حەسەن، شوعلە قاسم، شیلان مستەفا، گەلاوێژ تاهیر، جیهان تەها، تەلار ئازاد، سانا تاریق، سەلام باپیر، هێمن حەمە ڕەشید، هەدار ئەنوەر، سیروان شێرە، دلدار ڕەسوڵ، فازڵ ئیسماعیل، دڵڤین محەمەد، کاروان شەمسەدین، قاسم نووری، مەحمود گلی.

**لێژنەی کۆڕ و سیمینار:**
1- د. ئیبراهیم سمۆ- ئامادە نەبوو.
2- یاسین قادر بەرزنجی- ئامادەنەبوو.
3- موحسین محەمەد- لە لێژنەکە کشایەوە.
4- مەهدی حەسەن.
5- کرمانج مستەفا- هیچ ڕۆڵێکی نەبوو.

**لێژنەی هونەری هۆڵەکان:**
1- کارۆخ ئیبراهیم.
2- ئاشتیڤان سەلام.
3- زاهیر ئیبراهیم.
4- بژار سەعدی.
5- نەورۆز محەمەد.
6- هیوا عەلی.
7- محەمەد تاریق.

**لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شارەکان:**
1- یووسف عوسمان.
2- مەهدی حەسەن.
3- هێلا مێڤیس.

**سەرپەرشتیاری گشتی فیستیڤاڵ:**
شەماڵ حەوێزی

**سەرۆکی فستیڤاڵ:**
هیوا سوعاد یوونس

**لیژنەی داوەری کردن:**
1- زاشا بۆنگا، سکرتێری شانۆ awkraP ئەڵمانی.
2- ئیبر هات فاگنەر ئەندامی (ITI)- ئەڵمانیا.
3- سلیڤا پوو (دەرهێنەری فەرەنسی).
4- یانۆش ئۆگۆفسکی- سەرۆکی شانۆییەکانی پۆڵەندا.
5- د. سامی عەبدولحەمید- عیراق.
6- د. فازڵ جاف/ دەرهێنەر- هەرێمی کوردستان.
لێژنەی پێوەندییەکان:
1- عەلی ئەحمەد- سەرۆک.
2-نەوزاد ڕەمەزان-سکرتێری لێژنەز
3- حەمە سەعید ئیبراهیم- ئەندام.
4- غازی ئەحمەد شینە- ئەندام.
5- هێلا مێڤیس- ئەندام.

**مۆسیقا**
فەرهەنگ غەفوور

**دیزایین و پۆستەر:**
عەزیز سەقا
سازگار فازڵ

**لۆگۆ**
ئارام ناسر

**وەرگێڕی ئینگلیزی**
ئیدریس تاهیر خدر

**فۆتۆ: جیهانگیر گەردی.**

**لیژنەی دارایی:**
1- ئەحمەد جەوهەر عەدۆ
2- هێمن حەمە ڕەشید
3- هەڤاڵ جەوهەر

**سەرنج و تێبینی:**
1- هونەرمەند هیوا سوعاد هەوڵێکی زۆری دا تاکو ئەم فیستیڤاڵە ئەنجام درا، ئەوەی من ئاگادار بووم گەلێک لەمێژ بوو خوازیاری ئەوەبوو فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی ئاست بەرز ئەنجام بدرێت، چونکە پێشتر فیستیڤاڵی شانۆی لاوان و منداڵانی ئەنجام دابوو.
2- فیستیڤاڵەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەڕێوەچوو، هیچ خەلەلێکی زەقی تێدا نەبوو کە سەرنجڕاکێش بێت، ئەگەرچی لە یەکەم ڕۆژدا هەندێک گرفت ڕووی دا.
3- ڕۆژانە جەماوەرێکی زۆر لە هونەرمەندان و هونەردۆستان ئامادەی نمایشەکان دەبوون، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەولێ شاری هونەر و ڕۆشنبیرییە و هونەری خۆش دەوێت.
4- ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو هەندێک هونەرمەندی پێشەنگ و بەرچاوی شاری هەولێر لە نمایشەکان ئامادە نەبوون، ئینجا نازانم بانگێشت نەکرابوون، یان خۆیان بایکۆتی فیستیڤاڵەکەیان کردبوو، بۆ نموونە شانۆکاران تەڵعەت سامان، سەباح عەبدولڕەحمان، فەرهاد شەریف، ژیلوان تاهیر هیچ کامیان دیار نەبوون.
5- ئەوەی من تێبینیم کرد لەم فیستیڤاڵەدا ئاشتبوونەوەیەک هەبوو لەنێوان هونەرمەندانو بە تایبەتی هونەرمەند هیوا سوعاد و چەند شانۆکارێکی دیاری شاری هەولێر کە پێشتر ساردییەک لەنێوانیاندا هەبوو، ئەوەش خاڵی پۆزەتیڤە.
6- بە داخەوە لەم هەموو تیپە شانۆییانەی کوردستان کە بەدەیان تیپ و کۆمەڵە بەناو لە گۆڕەپانەکەن، کەچی هیچ تیپێک بەشداری نەکردبوو، جگە لە تیپی سالار کە لە بنەڕەتدا بارەگای لە سلێمانییە و کەرکووکیش لە دەرەوەی کێبڕکێکە بوو، هەندێک دەڵێن بانگهێشتی بەشداری کردن درەنگ بە دەستمان گەیشت، بۆیە بەشداریمان نەکرد، چونکە بەشداری کردن لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی ئاوا ئامادەباشیەکی چاکی دەوێت، بە ماوەی چەند حەفتەیەک نە دەق ئامادە دەبێت نە پرۆڤە دەکرێت، بەش بە حاڵی خۆم لام وایە مەسەلەکە بودجەیە، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ پێش وەخت، بۆ نموونە دوو مانگ پێش فیستیڤاڵ ڕەزامەندی دەرخستە و خەرجی فیستیڤاڵ وەربگرێت، لەوانەبوو تیپەکان زوو ئاگادار بکرابانەوە، بەڵام دەرخستەکە دواکەوت، هیچ کارێکی شانۆییش بێ دەرخستە ئەنجام نادرێت، هیوادارم ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە بەردەوام بن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی شانۆکارانی کوردستان و ئاشنابوونیان بە ئەزموون و کاری شانۆکارانی بیانی.
7- پێویستە لەمەوپاش هونەرمەندانی کوردستان بەخۆدا بچنەوە و هەوڵ بدەن شانۆ بەرەو پێش ببەن، تەکنیکی ئاست بەرز بەکار بێنن، چ لە ڕووی نواندن چ لەڕووی کارە هونەرییەکانەوە، تاکو ئێستا زۆربەی زۆری دەرهێنەرەکان لە کاتی نمایشێکی شانۆییدا تەنیا چەند ستولێک بەکاردێنن لە جیاتی دیکۆری دەربڕ، ڕووناکی هەر باس ناکرێ.
8- کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتی ڕۆشنبیری مشوورێک لە دروستکردنی هۆڵێکی هاوچەرخی شیاو بخوات بۆ نمایشی شانۆیی، کە هەموو سیما و ڕەهەندەکانی سەرکەوتنی شانۆیی تێدا بێت، لە ڕووناکی و دەنگ و ساردی بۆ هاوینان و گەرمی بۆ زستانان.
9- دەبوایە ڕۆژانی فیستیڤاڵ ڕۆژنامەیەک، یان گۆڤارێک هەبوایە، شانۆکارە میوانەکانی بیانی و شانۆکارە کوردەکان ڕۆژانە هەڵوێست و تێبینی خۆیان تێدا بنووسیبایە، بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ بکردایە، ئەمە وەک ئەرشیفێک دەما و لەهەمان کاتیشدا شتێکی جوان بوو.
لیژنەی کۆڕ و سیمینار هەبوو، کەچی هیچ کۆڕ و سیمینارێکی قووڵ و بەهێزمان نەبینی، تەنیا بەسەرپێیی چەند سەرنج و تێبینییەک لەسەر (چیرۆکە بەردەوامە)ی کاک ئەحمەد سالار لەلایەن کاک کەمال غەمبار و چەند شانۆکارێکی عیراقیمان بینی، دەبوایە بەلای کەمەوە کاتێک تەرخان بکرێت بە ئامادەبوونی ئەم هەموو شانۆکارانە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای شانۆ، چونکە شانۆکاران دەڵێن شانۆ لەقەیراندایە، هەندێکیشیان دەڵێن گیروگرفت هەیە.. تاد، هەرچۆنێک بێت جارێکی دیکەش پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ دەکەم، بەتایبەتی هونەرمەند هیوا سوعاد کە بەهۆی ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییەوە ئەم کەش و هەوایەی بۆ خوڵقاندین.

# چۆن فێستیڤاڵی شانۆیی ساز بکەین؟



**کامەران سوبحان**

## گریمانەی ڕێکخستنی فێستیڤاڵ

ڕەنگە ئەم پرسیارەی کە چۆن و بە چی ڕێگەیەک فێستیڤاڵی شانۆیی ڕێک بخەین جۆرێک لە گریمانەیی پێوە دیار بێت و سەر بۆ کۆمەڵێک کێشە و گفتوگۆ و جیاوازیی بکێشێت کە دواجار بە دەستی خاڵی لێی بێینە دەرەوە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگ و جێی بایەخە لە کردنی ئەم پرسیارە و ورووژاندنی چۆن و شێوازی سازکردنی فێستیڤاڵەکە نییە، هێندەی ئەوەی پرسیار کردنە لەسەر کۆی ئەو کەرەستە و کارلێکانەی کە دەبێتە هۆی سازدانی فێستیڤاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتیش ماوەیەکی زۆرە جۆرێک لە گفتوگۆی ئەملاولا دەبینرێت لەسەر پێویستی و بایەخی ئەو فێستیڤاڵانە.

بەبڕوای من و بە کورد و کرمانجی پێم وایە سازدانی فێستیڤاڵی شانۆیی هەنگاوی دوای گەشەپێدان و چالاک کردن و فرە بەرهەمی شانۆییە لە شارەکانی کوردستاندا، ئەو کاتەی ئێواران و شەو بینەرێکی شانۆ کە لە ماڵ هاتە دەرەوەو وەک وڵاتی دونیا چەند بژاردەیەکی لەبەردەستدابوو بۆ بینینی چەند نمایشێکی شانۆیی لەو چرکەساتەدا پێداویستی سازدانی فێستیڤاڵی شانۆیی وەک پێداویستییەکی گرنگ خۆی بەسەر کەشەکەدا دەسەلمێنێت و وادەکات کە سازدانی فێستیڤاڵ پێداویستییەکی گرنگ و بایەخدارە و ئەو کات پێویستە بیر لە سازدانی فێستیڤاڵی جۆراجۆر لە شانۆی کلاسیک، ڕیالیزم، ئەزموونگەریی...هتد بکرێتەوە، چونکە بینەر توانای جیاکردنەوەی بەرهەم و ئاست و جۆری شانۆییەکانی هەیە.

بەڵام ئایا بە بێ بوونی هۆڵێکی شانۆی ستاندارد و بە بێ بوونی نمایشی شانۆیی ڕۆژانە و هەفتانەو تەنانەت مانگانەش ئێمە دەتوانین بیر لە فێستیڤاڵی شانۆیی بکەینەوە؟ ئەم پرسیارە ڕەنگە بۆ ئێستە تۆزێک نیگەرانی لای زۆرێک لە بەرپرسانی شانۆ و ڕۆشنبیریی ئەم وڵاتە درووست بکات، بەڵام بە ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین نەخێر سازدانی فێستیڤاڵی شانۆیی پێداویستییەکی هەنووکەیی نییە و پێویستە ئەو هەنگاوانەی پێش سازدانی فێستیڤاڵی شانۆیی بنرێت و سازدانی ئەو چالاکییە بکرێتە ویستگەکانی کۆتایی ئەو کارە ئەوسا هەنگاو بنێرێت بۆ سازدانی فێستیڤاڵی شانۆیی.

من لێرەدا نامەوێت ئەو شتانە بڵێمەوە کە هەمووومان لەسەر گرفتی شانۆ لەکوردستان دەیزانین لە گرفتی هۆڵ، تەکنیک، شێوازی کارکردن، کارگێڕیی شانۆیی..هتد چونکە

ئەو بابەتە بەشێوەیەک بێ تام بووە باس کردن و جووینەوەی وەک حیکایەتی مێشی لێهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مادام هەر بیر لە سازکردن و ڕێکخستنی فێستیڤاڵی شانۆیی دەکرێتەوە، پێویستە هەندێ تایبەتمەندی و شێواز و نەریتی سازکردنی فێستیڤاڵ هەیە لەو فێستیڤاڵە شانۆییە کوردیی و نێودەوڵەتییانەدا ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی لانی کەم ئەو شانۆکار و هونەرمەندانەی لە دەرەوەی وڵاتەوە دێن بۆ بەشداریکردن لەو فێستیڤاڵانەدا نموونەیەکی جوانی کاری هونەریی لە کوردستان ببینن، ئەمە جگە لەوەی ئەو نمایشانەی کە لەو فێستیڤاڵانەدا نمایش دەکرێت دەرفەتێک بدات بە هونەرمەند و بینەری ئێمە لە کوردستان بۆ ئەوەی چێژ لە کاری هونەریی ئاست بەرز وەربگرێت بە تایبەتیش زۆر پێویستە ئەو کارە شانۆییانە بەشداری فێستیڤاڵی شانۆیی پێ بکرێت کە خاوەن ئەزموون و ئاستی هونەرییان بەرزە، نەک هەندێ بەرهەمی کرچ و کاڵ وەک هەندێ لەو نمایشە شانۆییانەی وڵاتانی دەوروبەرمان کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بینیمانن.

**فێستیڤاڵ و زاراوەکانی**

یەکێک لەو زاراوانەی کە ماوەیەکە گوێمان پێی ئاشنا دەبێت (فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی)ە، ئەم نێودەوڵەتییەش هەموو لایەنەکانی کولتووری ئێمەی گرتووەتەوە،لە شانۆوە بۆ سینەما و مۆزیک و شێوەکار، تەنانەت بازیشی داوە بۆ لایەنە بزنس و بازرگانی و گەشتیارییەکانمان، بەجۆرێک یاریگا و فرۆکەخانە و سۆپەرمارکێت و پێشانگە و زۆر لایەنی تریش پاشگریی نێودەوڵەتی پێوە لکێنراوەو ئەو زاراوەیە بووەتە پاشگریی هەموویان، وەک ئەوەی ئەگەر پاشگریی نێودەوڵەتی پێوەنەبێت ئەوە کەس لای لێناکاتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە لە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەدا بەکار دەهێنرێت، کە لەراستیدا ئەمەش هەڵەیەکی گەورەی زمانەوانییە و بەرپرسانی هەموو فێستیڤاڵە هونەرییەکان تێی کەوتوون، بەبڕوای من بەشداری کردنی چەند تیپ و گروپێکی شانۆیی چەند وڵاتێکی جیاواز فێستیڤاڵێک ناکاتە نێودەوڵەتی، هێندەی ئەوەی ئاستی هونەریی بەرهەمەکان و شێوازی کارگێریی و ئەتەکێتی نمایشکردن و لایەنە هونەرییەکانی تری ئەو فێستیڤاڵە وا دەکات فێستیڤاڵ دەکاتە نێودەوڵەتی، لە چەندین وڵاتی عەرەبی فێستیڤاڵی شانۆیی و سینەمایی هەیە و چەندین وڵات بەشداری تێدا دەکەن و ناوی نێودەوڵەتیشی نییە، فێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەریی قاهیرە، فێستیڤاڵی شانۆی ئەمازیقی مەغریبی، فێستیڤاڵی شانۆی ریالیزمی تونسی..هتد هەموو ئەو فێستیڤاڵانە ساڵانە لانی کەم 10 وڵات بە بەرهەمی جیاوازی شانۆیی بەشداری تێدا دەکەن و وشەی نێودەوڵەتیش لە پاشگریی ئەو فێستیڤاڵانەدا نابینرێت، چونکە ئەوانە دەزان لەکوێدا و بۆچی ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەم نەخۆشییە لە عەرەبەکانەوە بۆمان ماوەتەوەو وەرگێڕانێکی خراپی هەندێ لە کارە ناشیرینەکانی ئەوانە کە حەز دەکەن هەموو بەرهەمەکانیان ڕەهەندێکی جیهانی هەبێت، ئەوان پێیان وایە ئەگەر زاراوەی نێودەوڵەتی و جیهانی بلکێنن بەو فێستیڤاڵانەوە ئیتر کارەکەیان زۆر گەورە دەبێت.!

ئەم حاڵەتە لە وڵاتی ئێمە درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی کۆدەنگییەکی هەمەلایەنە درووست دەبێت کە پێویستە گرنگی بە لایەنی هونەریی و تەکنیکی و کارلێکە تەکنییەکان بدەین وەک لەوەی خۆمان بەو زاراوەو گرفت و ناوە بچووکانەوە سەرقاڵ بکەین، بەتایبەتیش لە سازدان و ڕێکخستنی فێستیڤاڵە شانۆییەکاندا.

**هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی نمایشە نەبینراوەکان**

مادام فێستیڤاڵی شانۆیی هەر ڕێکدەخرێت کەواتە پێویستە ڕێککەوتنێک هەبێت لەسەر ئەوەی کە کاری باش نمایش بکرێت و بەرهەمی ئاست بەرز مێوانداری بکرێت، لەو هەوڵانەش لێرەو لەوێ هەوڵی باش هەیە و پێویستە لەبری چاڵ بۆهەڵکەندن و گرفت و لەمپەر دانان لەبەردەمیدا پشتگیریی هەمە لایەنە بکرێت، یەکێک لەو فێستیڤاڵە شانۆییانەی کە پار ساڵ لەم ڕۆژەدا لە شاری هەولێر سازکرا یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی هەولێر بوو کە لە ڕۆژانی 18-9/24 بە بەشداری تیپە شانۆییەکانی ( کوردستان، عێراق، یابان، پۆڵەندا، سویسرا، ئێران، فەرەنسا، ئەڵمانیا، سوید، یۆنان)لە شاری هەولێر سازکرا و چالاکییەکەش جێگەی بایەخ و گرنگی دەیان کەناڵ و ئۆرگانی میدیایی جیهانی و ناوخۆیی بوو، گەر ئەم چالاکییە لە دیوێکیدا چالاکییەکی شانۆیی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر بێت بۆ هێنانی ئەزموونە جیاوازەکانی شانۆی دونیا بۆ هەولێر، ئەوا بە دیوەکەی تریدا چەند ئاماژەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی تری هەیە و دەکرێت ببێتە وانەیەک بۆ ئەوەی لە خول و فێستیڤاڵەکانی داهاتوودا هەڵە و کەم و کورتییەکان دووبارە نەبێتەوە، بەتایبەتیش جێگەی دەستخۆشییە کە پسپۆڕی ئەورووپی دێتە هەولێر و وۆرک شۆپ و سیمیناری تایبەتمەند لەسەر لایەنە کارگێڕییەکان و شێوازی سازکردنی فێستیڤاڵی شانۆیی بۆ بەرپرسانی فێستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی هەولێر دەکاتەوە، ئەمە دەرفەت دەدات بۆ ئەوەی لە کاتی سازدانی ئەو فێستیڤاڵانەدا خۆمان لە کۆمەڵێک گرفت و ڕۆتینیانی

کارگێڕیی بپارێزین، کە بەبڕوای من ئەوفێستیڤاڵە بە چاوپۆشین لە کۆمەڵێک گرفتی هەمەجۆر بەڵام دەکرێت وەک یەکێک لە باشترین هەوڵەکانی سازدانی فێستیڤاڵی شانۆیی ئاماژەی بۆ بکرێت لە دوای راپەڕینەوە بەو بەرفراوانییە سازکراوە، بایەخ و گرنگی ئەو فێستیڤاڵە شانۆییەش لە چەند لایەنێکی گرنگەوە بەدەر دەکەوێت کە گرنگترینیان بریتین لە:

*یەکێک لە گرنگترین خاڵ و بایەخە گرنگەکانی ئەم فێستیڤاڵە شانۆییەی هەولێر، میوانداری کردنی کۆمەڵێک ئەزموونی شانۆیی جیهانی بوو بۆ هەولێر، بۆ نموونە شانۆگەری (دایکە ئازاکە)ی دەرهێنەری ناوداری ئەڵمانی (زۆریڤەر ئەرنارسۆن) کە لە وڵاتانی خۆیدا بینەر بە ئاسانی بلیتی بینینیان دەسناکەوێت، بەڵام ئێمەی بینەری کورد بە ئاسانی و لە شەوێکدا بینیمان و دواتریش چەندین دیالۆگی هونەریی و کولتووریمان لەگەڵ ستاف و ئەکتەر و دەرهێنەرەکەیدا سازدا، ئەمە جگە لە کۆمەڵێک بەرهەمی شانۆیی تر، بەو هیوای لە دووەمین فێستیڤاڵدا بەرهەمی تری هونەریی بەو ئاستە بەرزە ببینین، دیارە ئەمەش ماندووبون و هەوڵەکانی چەند شانۆکارێکی کوردی دانیشتووی ئەوروپای پێوە دیارە کە رۆڵیان هەبووە لە درووست کردنی پردی پەیوەندی فێستیڤاڵەکە و ئەو گرووپە شانۆییانە دیارترینیان ئیحسان عوسمان لە وڵاتی ئەڵمانیا.

* خاڵێکی تر کە پێم خۆشە ئاماژەیەکی خێرای پێ بدەم لە گرنگی و بایەخی ئەم فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییە، شکاندنی تەوق و ئابلۆقەی نمایشە جیهانییەکان بوو لەسەر هەرێمی کوردستان، گەر پێشتر دەیان هونەرمەندی کورد چووبنە دەرەوەی وڵات و ئەزموونی جیاوازی شانۆی جیهانیان بینی بێت، بەڵام کەمتر شاکاری جیهانی هاتوونەتە ناو هەرێم، لە ئێستاشدا هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە و کۆمەڵێک ئەزموونی ناوازەی شانۆیی جیهانی لە کوردستان بوون، کە پێشتر رەنگە جۆرێک لە جۆرەکان ئەمە مەحاڵ بووبێت، بەڵام ئەمەش پێویستە لەم ئاستەدا نەمێنێتەوەو هەنگاو بەرەو شانۆ بەناوبانگەکانی جیهان بنێت و چەند شاکار و بەرهەمی تری گەورەی جیهانی هەیە لە خولەکانی داهاتوودا میوانداری بکرێن.

* لایەنێکی تریش ئەوەی لەم فێستیڤاڵە شانۆییەدا بینیمان و جێگەی دەستخۆشییە کۆکردنەوەی ئەو هەموو بینەرە بوو لە شەوانی هەولێردا، زۆرێک لەو هاوڕێ شانۆکارانەی هەولێر دەیانووت ئەمە یەکەمین جارە شەوان هەفتەیەک نمایشی هەمەجۆر هەبێت لە هەولێر و هۆڵەکانیش جمەیان بێت لە بینەر، یەکێکیش لە تایبەتمەندییەتی شار بوونی هۆڵی شانۆ و جموجوڵی شەوانی هەواڵاتیان و بینەرانە.

*ئەم فێستیڤاڵە شانۆییە، بەرپرسانی دەوڵەتی ناچار کرد قسە و هەڵوێستیان لەسەر شانۆ هەبێت، لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە من بۆخۆم ئەمە یەکەمجارمە ببینم ئەو بەڕێزە بەشداری چالاکییەکی شانۆیی بکات و وتە لەسەر شانۆ پێشکەش بکات، ئەمە لای هونەرمەندانی کورد و بەشداربووانی بیانی جێگەی بایەخ و هەڵوێستە لەسەر کردن بوو.

*ساڵانە وەزارەتی رۆشنبیریی بە سەدان ملیۆن دینار پارە بۆ چالاکی جۆراوجۆری شانۆیی لە کوردستان سەرف دەکات، بێ ئەوەی ئەو چالاکییانە بتوانێت کۆبوونەوەیەکی هونەریی بەرفراوان درووست بکات، تا هەنووکەش ئەو وەزارەتە بەدواداچوونی بۆ ئەوە نەکردووە ئایا بۆ لەمەو دوا پارە بۆ چی چالاکییەک سەرف بکات، بەڵام ئەم فێستیڤاڵە شانۆییە بە بودجەی 191 ملیۆن دینار نزیکەی 150 میوان لە 11 وڵاتی جیهان و 12 نمایشی شانۆیی هێنایە هەولێر، دەبێت ئەم فێستیڤاڵە هەڵوێستە بەو وەزارەت بکات و بۆ لەمەو دوا شێوازی چالاکییە هونەرییەکانی تریشی لە لۆکاڵییەوە بگۆڕێت بۆ جیهانی.

*دواهەمین ئاماژەی گرنگی ئەم فێستیڤاڵە بۆ لەمەودواو بۆ خولەکانی تری پێویستە جۆرێک لە رێکخراوانەتر هەوڵی کۆکردنەوەی ماڵی شانۆی کوردی و شانۆکاران بدات، پێویستە ئەم چالاکییە نێودەوڵەتییە ببێتە زەمینەی گفتوگۆیەکی بەرفراوانی رەخنەیی کە چۆن لەمەودوا فێستیڤاڵە شانۆییەکانمان سازبدەین؟ کێ بانگێشت بکەین لە دەرەوەی وڵات؟ شێوازی شانۆییەکان چۆن بێت؟ لە کوێ نمایشەکان سازبدەین؟ ئەم پرسیار و گفتوگۆیانە هەنگاوێکی گەورە بە رەوتی هونەری و شانۆییمان دەدات لە هەرێمی کوردستان.

**گرفت و کەم و کورتییەکان**

سازدان و رێکخستنی فێستیڤاڵی شانۆیی کارێکی هێندە ئەستەم و پڕ کێشەیە ئەوەی خۆی لە نزیکەوە کاری تێدا نەکردبێت نازانێت ئەو گرفتانە چین و قەبارەیان چەندە و چۆن رووبەروویان دەبێتەوە لە کاتی کارکردندا، بەڵام بە پێی ئەزموون و کارکردن پێویست وردە وردە هەنگاو بنێین بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە کە بەبڕوای من تا ئێستا کۆمەڵێک لەو گرفتانە لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانی ئێمەدا هەیە و زۆر جار لە هەموو فێستیڤاڵە شانۆییەکاندا بە جیاوازی ئاست و بەرهەمیان دووبارە دەبێتەوە، من لێرە بە کورتی ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەم بە هیوای ئەوەی دەرفەتێک بێت بۆ دەستنیشان کردنی هەڵە و کەم

و کورتییەکان.

* گرفتی کارگێڕی و دابەشکردنی کارەکان، بەشی هەرەزۆری ئەو فێستیڤاڵە شانۆییانەی کە لە کوردستان دەکرێت کەسێک یان چەند کەسێک پێی هەڵدەستن، ئەمەش وادەکات هەموو کارەکان بکەوێتە سەرشانی ئەو چەند کەسە و لەکاتی نمایش و چالاکییەکاندا جۆرێک لە فەوزا دروست بێت، بەڵام لە راستیدا پێویستە پێش فێستیڤاڵ پلان و ستراتیژ هەبێت و هەموو پۆست و پلە و کارەکان دابەشکرێت و هەرکەس کاری خۆی، نەک ئەوەی هەموو کارەکان چەند کەسێک پێی هەڵسن.



* نائامادەیی لایەنی تیۆریی لە فێستیڤاڵە شانۆییەکاندا، بەتایبەتیش کۆڕ و سیمینار و چالاکی رەخنەیی، ئەمە وادەکات زۆرێک لە کارە شانۆییەکانی فێستیڤاڵ بە چاک و خراپ و بەهێز و لاوازەوە بە بێ دەنگی بڕوات، ئەمە بە درێژایی ئەزموونی شانۆیی ئێمە یەکێک بووە لە گرفتە سەرەکییەکانی شانۆ، کە لە راستیدا پێویستە فێستیڤاڵی شانۆی هەولێر و سلێمانی و فێستیڤاڵەکانی تریش بیر لە بەهێزکردنی ئەم لایەنە بکەنەوە و گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەسەر بەرهەمەکان دروست بکەن.

*راگەیاندن و ئاگادارکردنەوە، یەکێک لە نەریتە جوان و کاریگەرییەکانی شانۆ و فێستیڤاڵە جیهانییەکان، تەنانەت ئەوانەی وڵاتانی دەوروبەریشمان کاتێک فێستیڤاڵی شانۆیی دەکرێت لە شارێکدا ئەو شارە بە دەیان هۆکار و شێوازی راگەیاندن سیمای ئەو فێستیڤاڵەی پێوە دیارە، بەتایبەتی پۆستەر و پارتیشنی نمایش و هۆکارەکانی تری راگەیاندن، ئەمە وادەکات هاوڵاتیانی ئەو شارە هەموویان بزانن لەشارەکەیاندا فێستیڤاڵێکی شانۆیی هەیە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانماندا چەند مەترێک ئەو لای هۆڵە شانۆییەکانمان هیچ کەس و هاوڵاتییەک نازانێت فێستیڤاڵی شانۆیی هەیە، تەنانەت زۆرجاریش بینەرانی فێستیڤاڵەکانیش تەنها شانۆکاران خۆیانن، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ گرفت لە ستراتیژی راگەیاندنی ئەو فێستیڤاڵەدا دەگەڕێتەوە.

* ئەتەکێتی فێستیڤاڵ و شێوازی دەستپێکردن و کۆتایی، ئەمیش یەکێکە لەو لایەنانەی کە زۆر گرنگە ئێمە لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانماندا رەچاوی بکەن، بەڵام تا ئێستا بەشی هەرەزۆری دەستپێک و کۆتایی فێستیڤاڵە شانۆییەکانمان زۆر بەساردوسڕی و لاوازی سازکردووە و ئەمەش کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر رەوت و چالاکییەکانی فێستیڤاڵ هەیە.

* پۆلێنکار و جیاکاری لە بەرهەمی فێستیڤاڵە شانۆییەکاندا، زۆرجار فێستیڤاڵی شانۆیی سازکراوە بە بێ ناو ناسنامە و شوناسی فێستیڤاڵ، دیارە لە هەموو دونیادا فستیڤاڵ بە بێ ئەو رەگەزانە مەحاڵە، پێویستە لە دەستپێکی پلانی سازکردنی فێستیڤاڵدا، بەرپرسانی ئەو فێستیڤاڵە خۆیان یەکلای بکەنەوە کە چۆن و بە چ ستراتیژ و شوناسێکەوە ئەو فێستیڤاڵە ساز دەکەن، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە بەرهەمی فێستیڤاڵە شانۆییەکان هەریەکەیان شێواز و جۆرێکن و هیچ هێڵێک نییە بەرهەمە بەشداربووەکان لە چوارچێوەیەکدا کۆبکاتەوە، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو فێستیڤاڵە کار و چالاکی و ئامانجی سازکردنی خۆی نەزانێت.

*پەند وەرنەگرتن لە گرفت و کەم و کورتییەکان، لە دوای راپەڕینەوە زۆر فێستیڤاڵی سالانە و وەرزانەی شانۆ سازکراوە، کۆمەڵێک لەو گرفتانەش لە هەموو فێستیڤاڵە شانۆییەکاندا دووبارە بووەتەوە بە بێ ئەوەی تا ئێستا بەرپرسانی ئەو فێستیڤاڵانە پەند و وانەیان لەو گرفتانە وەرگرتبێت، ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی کە تا ئێستا فێستیڤاڵە شانۆییەکانی ئێمە پێوەی دەناڵێنێت.

ئەمانە هەمووی پێکەوە ئەو گرفت و لەمپەر و کێشانەن کە لەکاتی سازکردنی فێستیڤاڵە شانۆییەکاندا رووبەرووی بەرپرسان و رێکخەرانی دەبێتەوە، بەهیوای ئەوەی ئەوەی لە داهاتوودا هەنگاو بۆ پۆلێنکار و ئاست و کوالیتی ئەو فێستیڤاڵە شانۆییانە بنرێت و بینەری ئێمەش وەک مافێکی سەرەتایی خۆی بتوانێت بەرهەم و شانۆیی هەمەجۆر و ئاست بەرز ببینێت.

**کۆتایی**

# نامەیەک بۆ یەکەمین فێستڤالی نێودەوڵەتی شانۆی هەولێر

گۆران عەلی کەریم

من یەکێکم لەوانەی کە چی بە نوسینبێ یاخود لەرێی چاوپێکەوتنەکانمەوە هەمیشە رەخنەم لە بەرپرسان و رێکخەرانی فێستڤاڵ گرتوە کە لە کوردستانا ساز کراوە ،ئەویش بەو مانایە نا کەمن هیچ شتێکم بەدڵ نەبێ بەڵکو بو مانایەی کە ئەو فێستڤاڵانە هی ئەوە نەبون کە بتوانرێ هەڵوێستەی لەسەر بکرێو ببێتە مایەی هاندان . بەڵام پاش زەمەنێکی زۆر بۆ یەکەمین جار هەستمکرد کەلەنێو فێستڤاڵێکی شانۆیدام لەکوردوستاندا بەتایبەت ئەو فێستڤاڵە فێستڤاڵێکی شانۆی نێودەڵەتی بوو .دەمەوێ قسە لەسەر چەند لایەنێکی زۆر باشی فێستڤاڵەکە بکەم

-1 خۆئامەدەکردن بۆ سازدانی فێستڤاڵ پێویستی بە کەسانی شارەزا هەیە تاوەکو بتوانن کارو باری کارگیری ببەن بەرێوە . هەڵبەت مەبەستم لەکەسانێک نییە کەدەرچوی بەشی کارگێری یان ژمێریاریبن یاخود بەرێوەبەری فەرمانگەکەبێت بەڵکو دەبێت ئەو کەسە بەشێوەیەکی زانستیانە تایبەت بەو بوارە خوێندبێتی ئامادەکارانی فێستڤاڵ خانمێکی ئەڵمانیان بانگهێشت کردو تاوەکو فێستڤالەکەیان بۆ رێکبخات. بۆیە دەبینرا فێستڤاڵەکە لەئاستی کارگێری و بەرێوەبردنەوە زۆر باش بوو . ئەمەش بۆ زیرەکی و هۆشیاری ئەو برادەرانە دەگەرێتەوە کە هەڵساون بەم کارە. کەبەداخەوە زۆرجار حکومەت بودجەیەکی زۆر دەدات بە فێستڤاڵ کەچی هەر لەسەرەتاوە بەهۆی خراپی کارگیریەوە ئاستی فێستڤاڵ دێنێتە خوارەوە.

-2هەڵبژاردنی چۆنیەتی کار. بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمی شانۆی لایەنی پەیوەندیدار پێویستی بەکەسانی شارەزا هەیە لەو بوارەدا هەڵبەتە ئەم پرسکردنەش تەنها لەیەک کەسدا کۆنابێتەوە بەڵکو پێویستی بەچەند کەسانێکی جیاواز هەیە تاوەکو لەرێی ئەو بۆچونە جیاوازانەوە کاری جیاواز هەڵببژێرێت. بەرێوەبەرانی فێستڤاڵی شانۆی نێونەتەوەی هەولێر لەرێی کەسە جیاوازەکانەوە کاری زۆر باش و جیاوازیان هەڵبژاردبو . شانۆی (دایکە ئازا) ی (پرتۆلد برێخت) بەرهەمێک بوو لەئاستێکی زۆر باڵادا. ئەم بەرهەمە سەرجەم دونیا بینینی ئێمەی گۆری بەرامبەر بە (برێخت) کە بەداخەوە لەناو شانۆی کوردیدا زۆر بەخراپی شانۆی برێخت گەیشتوە بە بینەرەکەی . ئەم بەد حاڵیبونە لە برێحت لەناو زۆرێک لە شانۆکارانی عەرەبیشدا هەبوە. نمایشەکانی تری وڵاتانی ئەوروپی لەئاستێکی بەرزدابون ئەم بەرهەمانە زۆر سودی گەیاند بە توانا هونەریەکانی ئێمە چونکە بەشێکی گەورەی رۆشنبیری شانۆیمان لەسەر بنەمای خوێندنەوە دروست بوە نەک بینین کە بێگومان شانۆکاری کورد زۆر پێویستی بەبینینی شانۆی جیهانیە تاوەکو ئاستی خۆی بباتە بەرەو سەرەوە. یەکێک لەو بەرهەمە شانۆییانەی کە پێشکەش کرا مۆنۆدرامایەکی ئیتاڵیا بو کە ئەکتەرەکەی بەلایەنی کەمەوە تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو بۆ ماوەی یەک سەعات نواندنی دەکرد لەهۆڵێکی زۆر گەرمدا بەڵام کەس هەستی بەبێزاری نەکرد بەخۆمم ووت تۆبڵێی رۆژێک بێت ئەکتەرەرە خاوەن ئەزمونەکانی ئێمە بگەنە ئەو ئاستە؟ هەمو ئەمانە پەیوەندی هەیە بە هەڵبژاردنی کارەکان و حسابکردن بۆ ئاستی هونەری نەوەک لەسەر حسابی برادەرانە.

-3من هەموجار وتومە یان ئیش نەکرێت یاخود دەبێت باش ئیشبکرێت . ئەم فێستڤاڵە ئەوەی سەلمان کە دەکرێت لەم کوردستانەدا کاریهونەری باش بکرێت دەتوانم ئەو حەقە بەخۆم بدەم کەبلێم فێستڤاڵی نێونەتەوەی شانۆی هەولێر هیچی وای کەم نەبوە لەچاو فێستڤاڵەکانی جیهاندا. دەست خۆشی لەتەواوی ئەو هونەرمەندو دۆستانە دەکەم کەلەپشتی ئەم کارە باشەوە بون . بەو هیوایەی کە وەزارەتی رۆشنبیری هاوکاری زیاتری ئەم جۆرە فێستڤاڵانە بکات بەم جۆرە کارانە رەوتی شانۆ لەبەرەو پێشدا دەبێت. جارێکیتر دەستی هەمولایەکتان خۆشبێ بۆ ئەو کارە باشەتان وە دەبێ فێربین بە کاری باش بڵێن باش و بە خراپیش بڵێن خراپ.